خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر

سەرکەوتی جیهاز

دەستەی نوسەران

بەختیار شارەزوری

ڕەووف محەمەد ئالانی

YADNAMA

# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.

یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ژمارەی ٦٧ی کانونی یەکەم ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.67.December.2024


## سوریای دوای بەشار ئەسەد

**یادنامە**

دۆخی سوریا لەسەرتای قۆناغێکی نوێدایە ، قۆناغی ڕوخانی بەشار کۆتای هات بە پێی نەخشەی دیزاینکراو و بەرژەوەندی هاوبەشی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی و جیهانی ، ئێستە سەرتای قۆناغی گواستنەوەیە ، ئەم قۆناغە و پێکهێنانی حکومەتی کاتی نەخشەیەکی نوێی تەواوکاری نەخشە دیزانیکراوەکە دەست پێدەکات کە قۆناغی دوای بەشار ئەسەد دیاری دەکات ، بکەر و بڕیاردەری نەخشەی دوای بەشار لەناو سوریا و لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ناو سوریادا نیە ، ئەو مێزەی هێزەکان کۆدەکاتەوە لە بازنەی یەکەمدا بۆ بڕیاردان نوێنەری هەریەک لە (ڕوس و ئەمریکا و تورکیا و ئیسرائیلە) لە بازنەی دوەمدا (ئێران و سعودیە و قەتەرە) ئەمە بەو مانایە نایەت دەستکاری جوگرافیا و سنوری سوریا بکرێت بەڵکو ئەم وڵاتانە لە ڕێگەی پاشکۆ و سێبەرەکانیانەوە بڕیاردەری سەرەکین ، یاریەکان بە(کارت بەکارت)هەندێکی کۆتاییدێت و ئەوەشی تەحکوم بەم دیزاینەوە دەکات بەرژەوەندی هاوبەشە ، کورد لەم نێوەندەدا کەوتوتە سەر هێڵی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەم دوو هێزە دەیانەوێ باڵانس نێوان ڕۆژئاوا و تورکیا ڕابگرن ، چونکە بەدەر لە سزاکان و ململانێکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا هێشتا یەک دنیا دۆسیەی ترهەیە کە پەیوەندی گرێدراوی بەرژەوەندی هاوبەش تورک و ئەمریکییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە ، بۆیە کورد لە ڕۆژئاوا لەسەرەتای قۆناغێکی زۆر هەستاردایە و دەبێت هەمو سەبەتەکان ببینێ.




## شەوی یەڵدا

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەم شەو؟کە دیدەم دوور لە تۆ بێنوورە ئەم شەو
دڵم وەك حاكمی مەعزووڵە قوربان خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەم شەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە بۆیە لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
كە تۆی شاهی كەج كوڵاهی دیدەمەستان چ باكم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو؟
لە خەو هەڵساوە یا ئاڵوزە چاوت ؟ هەمیشە وایە یا مەخموورە ئەمشەو؟
سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ کە جێم سەردارەکەی مەنسوورە ئەم شەو
موسوڵمانان ! دەپرسن حاڵی نالی؟ لە کونجی بێکەسی مەهجوورە ئەم شەو

**نالی**





ڕۆژئاوای کوردستان لە نێوان هەرەشەو دەرفەتەکاندا ... ل٢

کورد لە دوا قۆناغەکانی سیستەمی تاکجەمسەری و سەرەتای شەڕی ساردی نوێدا ... ل٣

ڕووداوەکانی سوریا و ناوچەکە چیمان پێ دەگەیەنن ... ل٤

نایلا خەڵاتگری خەڵاتی ئاشتیی نیودەوڵەتی منداڵان ... ل٦

پرۆسەی خوێندن تەنیا گەشتێکی کورت خایەنە ... ل٨

بۆدار بەڕووەکەی گرگاشێ ... ل٩

بیرکردنەوەی نیشتیمانیانە، لە لێوارەکانی هەرەسدا ... ل١٠

گوڵەکانی ( ڤلادیمیر ماياكۆڤسكی ) ... ل١١

خاڵە سەرنجراکێشەکانی ئەنجامی سەرژمێری هەرێم بەراورد بە عێراق ... ل١٣

بە سەرکردنەوەی تێکۆشەران ... ل١٥

سەردار کێستەیی ... ل١٦

# ڕۆژئاوای کوردستان لە نێوان هەڕەشەو دەرفەتەکاندا

## مەجید ساڵح



ئایندەی کوردەکانی ڕۆژئاوا لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد پەیوەستە بە چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکییەوە، گرنگترینیان بریتین لە:

1 - لێکتێگەیشتنە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان: لە رابردوودا کورد لە سوریا زۆر پشتی بە پاڵپشتە نێودەوڵەتییەکان دەبەست، بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکاوە. بۆیە داهاتووشیان پەیوەست دەبێت بە ئەگەری ڕێککەوتنی نێوان زلهێزەکان (وەک ڕووسیا و ئەمریکا) و زلهێزە ناوچەییەکانی دیکە (تورکیە و ئێران). لەم سۆنگەیەوە هەر ڕێکەوتن و ڕێکخستنەوەیەکی سیاسی نوێ لە نێوان ئەوە زلهێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیانە بۆ دیزاینکردنەوەی سوریا (ئۆتۆنۆمی بۆ یان مافەکانیان لە چوارچێوەی سیستەمێکی ناوەندی یان فیدراڵی) چارەنوسی ئەوان دیاری دەکات.

2- دۆخی ناوخۆی سوریا: ئەگەر  هێزە سیاسییە سورییەکان بتوانن سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی بنیات بنێن، ڕەنگە کورد بتوانێت دانوستان بۆ  بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ڕۆشنبیری و ئیدارییەکانی فراوانترەکان بکات. بەڵام ئەگەر ململانێکان بەردەوام بن یان هێزە سورییەکان دژی خواستەکانی کورد  بوەستنەوە، ڕەنگە ناوچەکانی ژێر دەستی کورد ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورەتر ببنەوە.

3- پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا:

لە رابردوودا پەیوەندی نێوان کورد و  لایەنە عەرەبییەکان بە هۆی جیاوازی دیدگا سیاسییەکان بەردەوام لە گرژی و ئاڵۆزی و بگرە شەڕ ودەرگیریدا بووە، بۆیە ڕەنگە هەوڵەکانی فەرەنسا و ئەمریکا بۆ گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو لایەن لە داهاتوودا ڕێگا بۆ هاوکاری زیاتر بکاتەوە.

4-هەڵوێستی تورکیا:

تورک بەردەوام کوردۆفۆبیای هەیە ئێستاش ترسی هەیە لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆی کوردی لەسەر سنوورەکانی. بۆیە ئەنقەرە وەک یاریزانێکی سەرەکی دەمێنێتەوە لە دیاریکردنی ئایندەی کوردەکانی سوریا، جا چ لە ڕێگەی فشاری سەربازییەوە بێت یان لە ڕێگەی دانوستانەوە.

5- ڕۆڵی حزبە کوردییەکان:

• ڕەنگە "ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن" کە پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) و هاوپەیمانەکانی بەڕێوەی دەبەن، بەردەوام بن لە داوای دانپێدانانی فەرمی، بەڵام دووبەرەکی ناوخۆیی نێوان لایەنە کوردییەکان (وەک ڕکابەریی نێوان پەیەدە و ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد) ڕەنگە پێگەی دانوستانکارییان لاواز بکات.

سیناریۆ ئەگەرییەکان:

1- سیستمی فیدراڵی: ئەگەر لایەنە سورياييەکان بگەنە یەکلاییکردنەوەی هەمەلایەنە، ڕەنگە کورد ئۆتۆنۆمی هاوشێوەی مۆدێلی باشور بەدەستبهێنێت.

2- لامەرکەزی ئیداری سنووردار: لە غیابی کۆدەنگی نێودەوڵەتیدا، دەکرێت کورد ناچار بکرێت بە بێ دانپێدانانی فەرمی، دەسەڵاتی لامەرکەزی قبوڵ بکات.

3- ململانێی بەردەوام: ئەگەر ناکۆکی و ململانێ بەردەوام بێت لەوانەیە ناوچەکانیان ببنە گۆڕەپانی ململانێی هەمیشەیی نێوان لایەنە جیاوازەکان.

ئایندەی کوردەکانی سوریا پەیوەستە بە توانای دانوستان لەگەڵ هێزەکانی تری سوریا و دۆزینەوەی فۆرمولێک کە مافەکانیان بپارێزێت بەبێ ئەوەی بەریەککەوتن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیا و کۆمەڵی نێودەوڵەتی. دروستکردنی هاوپەیمانی بەهێز لە ناوخۆ و دەرەوە هۆکارێکی چارەنووسساز دەبێت بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان.

سایتی KNN

# فەڕەنساو ڕۆژئاوای کوردستان

## لەتیف فاتیح



بەر پرسیارەتی ئاکاری:

فەڕەنسیەکان بەرپرسیارەتی زیاتریان لەهەر وڵاتێکی تر بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان لەئەستۆیە، یەکەم لەبەرئەوەی ڕۆژئاوای کوردستان و تەواوی سوریا لە دابەشکاری براوەی شەڕی جیهانی یەکەم بەر فەڕەنسا کەوت، کوردیش لەو ڕۆژەوە لەچوارچێوەی سوریادا بێ ناسنامە دەکرێت، دووەم لەبەر ئەوەی لانی کەم لەشۆڕشی فەڕەنسیەوە بابەتی مافی مرۆڤ و ئازادی بەگشتی و ئازادی گەلان لەفەڕەنسا لەهەروڵاتێکی تر زیاتر قسەی لەبارەوە دەکرێت، سێیەم فەڕەنسیەکان لەهەموو وڵاتانی دیکە زیاتر شاهیدی بەرخودانی ڕۆژئاوان و ڕۆژنامەوان و چالاکانی فەڕەنسی زۆر لەنزیکەوە لەبارو دۆخی ڕۆژئاوایان دەکۆڵیەوە.

تیرۆر تیرۆری دەوڵەتی:

تورکیا سودی زۆری لەئەندامێتی ناتۆ بینیوە بۆ ئەوەی بەئارەزوی خۆی تۆمەتی تیرۆر بداتە پاڵ هەموو کوردێکی ئازادیخواز لەهەر کوێ بێت، لەهەر پارچەیەکی کوردستان، یان لەتاراوگە، تەنانەت ئەگەر لەناو جەرگەی پاریسیش بێت، وەک تیرۆرو ڕەشەکوژیەکانی کورد لەپاریس، تورکیا ئامانجی قەڵاچۆ کردنی کوردە، لەپەنا ناتۆوە، فەڕەنسا ناکرێت لەلایەک پێشەنگی دیموکراسی و ئازادی بێت و لەلایەکی تریشەوە پابەند بێت بەبڕیارەکانی ڕێکخراوی ناتۆوە، کە دەوڵەتێکی تیرۆریست و سیڤیل کوژی وەک تورکیا بکاتە خاوەن بڕیاری ئەوەی نەتەوەیەک بەتیرۆریست لەقەڵەم بدات، تەنها لەبەر داوای کەمترین مافی ژیان و ئازادی سیاسی و زمان و خۆبەڕێوەبەری.

تورکیا وەک بەڵای سەر ئەوروپا:

تورکیا گەورەترین مەترسیە نەک بۆ سەر گەلی کوردو وڵاتانی ناوچە، ئەو بۆ سەر ئەوروپاو لەناو ئەوروپادا بۆ سەر فەڕەنسا لەهەر وڵاتێکی تر زیاتر مایەی مەترسیە، چونکە لەچەندین بۆنەی جیاجیادا، بەکوشتنی ساکینەو هاوڕێکانی، دەرکردن و ڕاوانی ئازادی خوازان بۆ فەڕەنسا ئەحمەد کایەو گۆناى، گێچەڵ بە میدیاکارو ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی لەتورکیاو شوێنگەلی تر فەڕەنسای لەکەدارو ناشرین کردوە، ئەوە جگە لەوەی بەردەوام دەیەوێت ئەم ناوچەیە سەقامگیر نەبێ بۆ ئەوەی هەڕەشەی دەرگاکردنەوەی کۆچی بەکۆمەڵ بەڕوی ئەوروپادا بکاتەوە، جگە لەوەی بەبیانوی پەناهەندەش بەردەوام پارە لەئەوروپا دەماشێنێتەوە.

فەڕەنساو پاراستنی کۆبانی و ڕۆژئاوا:

کۆبانی سومبلێکی جیهانیە ، دەبوو فەڕەنسا بەر لەئەمەریکا ئاڵای پاڵپشتی نەک هەر لەوێ لەعەفرین و حەسەکەش هەڵکردبا،  فەڕەنسا بۆ پاراستنی ئەو سومبلیکە جیهانیە دەبوو کارێکی کردبا ناوەندێکی یەکێتی ئەوروپاو هێزێکی ئاشتی پارێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بهێنرێتە ڕۆژئاواو کۆبانی، ئەمەش وە بەرپرسیارەتیە دیرۆکیەی کەلەڕێکەوتنی سایکس بیکۆدا بەر لەسەت ساڵ زیاتر فەڕەنسیەکان خاوەنی ئەم ناوچەیە بوون.

سپی میدیا



# کورد لە دوا قۆناغەکانی سیستەمی تاکجەمسەری و سەرەتای شەڕی ساردی نوێدا

## د. کامەران مەنتك

ئەوەی لە سوریاو رۆژئاوای کوردستان روودەدات، سازانەکانی قۆناغی شەڕی ساردی نوێیە لەسەر دابەشکردنەوەی هەژموونی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هەردوو پەتی روسی و ئەمریکی یاری دەکرد، پێدەچێت لە دواجاردا خۆی بەلای ئەمریکییەکاندا یەکلایی کردبێتەوەو بەرامبەر ئەمەش کۆمەڵێك دیاری پێشکەش کرابێت، دیارە گەورەترین دیاریش بۆ تورکیا سەری مێردەزمەی کوردییە، کە وەك تورکەکان دەڵێن، ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە ئەفریقاش بێت ئەوان دژایەتی دەکەن!

ئەو خۆیەکلاییکردنەوەی تورکیا، روس و ئێرانییەکانی سەخڵەت کردووە، روسەکان پێیان وایە ئەو هەڵوێستەی تورکیا دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەو کۆتایی دەوڵەتی کەمالی، کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دامەزراوە، ئێرانییەکانیش پێیان وایە، کە تورکیا کەوتە تەڵەی ئەمرکییەکان باجێکی قورس دەدات، بەڵام ئەوەی شارەزای مێژووی سیاسی تورکیای نوێ بێت، بە ئاسانی درك بەوە دەکات، کە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیش، ئەو وڵاتە ماوەیەکی زۆر لەسەر هەمان سیاسەت کاری کرد، تا ئەو رادەیەی خودی هاوپەیمانان لێی بێزار بوون بڕیاریاندا سعودییەو خاکی کەنداو وەك ئەلتەرناتیڤێگ بۆ بنکەکانی تورکیا بەکاربێنن، تا لە کۆتایدا تورکیا خۆی یەکلاییکردەوە چووە پاڵ هاوپەیمانان، ئەوەبوو لەدوای جەنگ پێگەیەکی باشی لە پرۆژەی مارشاڵی ئەمریکی داگیر کرد.!

لەو روانگەیەوە دەتوانین بڵێین، ئەو کێشانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای سیستەمی تاکجەمسەری هاتنە ئارا، لە قۆناغی کۆتایی دان و جیهان لە دوا هەنگاوەکانی دابەشکردنێکی تری هەژموونییە، پێدەچێت ئاڵوویرێك لەنێوان گەڕاندنەوەی رۆڵی تورکیا، کە لەقۆناغی یەکەمی شەڕی سارد گێڕای، واتە بوونەوەی تورکیا بە پۆلیسی پاراستنی بەرژەوندییەکانی ئەمریکاو ئەوروپا لە رۆژهەڵات، ببێتە هۆی ئەوەی هەموو ئەو ئەلتەرناتیڤانەی وایان نیشان دەدا، کە وەك هاوبەشێك سەیریان دەکەن و لەشەڕی داعش و فشار خستنە سەر رژێمەکانی ناوچەکە بەکاریان دەهێنا، وەکو کورد، رۆڵیان لاواز ببێتەوە جارێکی تر ئەرکیان تەواو بووبێت، کە ئەمە بە کۆتا هاتنی هەردوو ئەزموونی باشوورو رۆژئاوای کوردستان دەگەیەنێت و کورد جارێکی تر دەبێتەوە ناوچەیەکی تامپۆنی و قوربانی یەکەمی ئەو سازشکردنەوە.

ئەمجارە ئەمریکا دەیەوێت ئەزموونی ئەفغانستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش گشتگیر بکات، ئەو تاڵیبانەی، کە لەسوریاش هانی داو حکومەتی بەشار ئەسەدی پێ روخاند، لە ماوەیەکی کەمی تردا بینێرێتە ئێراق و ئەو وڵاتەش بەدەردی سوریا ببات، کە ئەمە دۆخێك دەخولێنێت، تا ماوەیەکی زۆر ئەو ناوچەیە سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت.

ئەوەی گرنگە لێرە سەرەداوی گەمەکەش خراوەتە دەستی تورکیاو رۆڵی سەر پۆلیسی ناوچەکەی پێدراوە، بەرامبەر ئەمەش رەنگ بێت لە روی جوگرافییەوە ئەو پشتێنە سنوورییەی، نزیکەی هەموو رۆژئاوای کوردستان و بەشێکی ستراتیژی باشووری کوردستانیش، کە ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە ئێستا تورکیا بە کردەیی داگیری کردووە، دەستکەوتی هەنووکەیی تورکیا دەبێت، واتە سنوورەکانی تورکیا لە باشوورەوە لەسەر حیسابی باشوورو رۆژئاوای کوردستان فراوان دەبێت، یاخود بەلایەنی کەم دەوڵەتێك لە ئێراق و سوریا دروست دەکرێت، کە هەموو بەرژەوندییە ستراتیژی و ئابوورییەکانی تورکیا مسۆگەر دەکات، لە هەردوو حاڵەتیشدا تورکیا رێگە نادات هیچ قەوارەیەکی سیاسی کورد لەژێر هیچ ناوێکدا بمێنێت، ئەو بانگەشەیەی بۆ پرۆسەی ئاشتی و دیداری ئیمراڵی دەیکات، جگە لە هەوڵێك بۆ فریودانی کوردو دوورخستەوەی لەتێگەیشتنی ئەو سیناریۆیە زیاتر نییە!

کەواتە هەر هەنگاوێك تورکیا بۆ ئاشتی بینێت لە باکووری کوردستانیش، جێگەی متمانەو باوەڕکردن نییەو وەك تاکتیکێك بەکاردەهێنرێت بۆ ساردکردنەوەی کورد بەگشتی و باکووری کوردستان بە تایبەتی ، بۆئەوەی دووریان بکاتەوە، یاخود بەلایەنی کەم بۆ ماوەیەك سڕیان بکات تاوەکو ئەوە، پلانەکەی خۆی جێبەجێ دەکات، بۆیە دەبێت کورد لەهەموو کاتێك زیاتر هووشیار بێت، رێگە نەدات سەقامگیری لەناوچەکە دروست بێت و پێویستە دەست بەجێ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی هەموو کوردستان، بەتایبەتیش باکورو رۆژئاوای کوردستان بگرێتەوە، تاوەکو سەرنجی رای گشتی جیهانی رابکێشێت هەروا بەئاسانی جارێکی تر کورد نەکرێتەوە بە قوربانی یەکەم.

دەبێت خەڵکی باشووریش تێبگەن، کە ئەو سڕبوون و بێدەنگییەیان خۆ ئامادەکردنە بۆ چەقۆی جەللادو لە دواجاردا ئەوانیش دەکرێنە قوربانی و کورد لەم قۆناغەدا بەتەواوی دەدۆڕێت، کە دەڵێم دەدۆڕێت واتە هەموو شتێك لەدەست دەدات، لەبەرئەوەی بزوتنەوە چەکدارییەکانی تر لە سەدەی بیستەم شکستیان دەهێنا، بەڵام ماوەیەك دواتر دەجووڵێنرانەوەو گۆڕەپانەکەیان لە دەست نەدەدا، بەڵام ئەمجارەیان بەشێکی گەورە لە هەستارترین و ستراتیژیترین گۆڕەپانەکە لەدەست دەدەن، ئەویش ئەو پشتێنە سەخت و شاخاوییەیە، کە لەسەر دەریایی سپی ناوەڕاست، یاخود لە چیای کرمانجان درێژ دەبێتەوە تاوەکو دەگاتە زینی وەرتێ، دوور نییە ئەگەر ئێران زیاتر لاواز بکرێت، ئەوا ئەو پشتێنەیە تاوەکو خانەقینیش درێژبێتەوە!

ئەمە جگە لەوەی لە ناوەوەش شارەکانی وەکو هەولێرو دهۆك و سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا بەشێوەیەك تەعریب کراون، کە هیچ حکومەتیکی تری ئێراق لە رابردودا نەیتوانی ئەو تەعریبە بکات، کە خەریکە ئەو شارانەش مۆرکی کورد بوون لەدەست دەدەن و هەر گۆرانکارییەکی لەو شێوەیەی باسمان کرد، ئەو تەعریبکردنە قووڵتر دەکاتەوەو زیاتر دەیچەسپێنێت.

تا ئێستا ئەو هەنگاوانەی ئەو سیناریۆیە، کەمێك کۆسپی لەبەردەمدایەو روسیا دەیەوێت دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنێت، بۆیە خۆی لە ناوچەکە کوردییەکان گرخاندووە هێزەکانی ناباتە دەرەوە، لەکۆتایی ئەگەر گەیشتە ئەو داوایانەی دەیکات، وەکو عەفرین، هێزەکانی خۆی دەکێشێتەوەو جارێکی تر کورد دەداتەوە دەست گورگە بۆرەکان، کە ئەمە ئەگەری روودانی زۆر جینۆسایدی گەورە دژ بەکورد بەهێزتر دەکات.

جێگەی داخە ئەو سوریا نوێیەی دروست دەکرێت، سوریایەکی ئەفغانستان ئاسایەو هیچ ئاراستەیەك لەو هێزانەی لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەدا بەشدار دەبن لە هەردوو لایەنی ئەتنیکی و ئاینییەوە لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان یەکناگرنەوە، جگە لەوەی باوەڕیان بەمافی کورد نییە وەکو نەتەوەیەك، لەرووی ئانیشەوە، هێزە کوردییەکان وەکو کافر هەژمار دەکەن و خوێنیان بەحەڵاڵ دەزانن، واتە بە رووخانی ئەسەد دیکتاتۆرییەتێکی ئایدیۆلۆژی چەپی ناسیونالیستی رۆیشت و وا چاوەڕوان دەکرێت دیکتاتۆریەتێکی ئاینیی توندڕەو جێگەی بگرێتەوە، دیارە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو شکستەیە، کە پرۆسەی دیموکراسی لە ئێراق رووبەڕووی بووەوە، بۆیە زۆر ئاستەنگە شوێنی کورد لەناو ئەو حکومەتە نوێیەی سوریا بکرێتەوە، کە ئەگەر بتوانرێت حکومەتێك دروست بکرێت و هاوسەنگییەکانی ناوچەکە شەڕێکی نێوخۆیی ترسناك لەو وڵاتە نەهێنێتە ئارا.

بە کورتی دەبێت راشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین، کە کورد لە بەردەم قۆناغێکی ئێجگار سەختدایەو نابێت رێگە بدرێت رۆژئاوا بکرێتە قوربانی دەستکەوتەکانی ئەمریکا و روسیاو لە نەخشەی نوێدا شوێنێکی بۆ نەکرێتەوە، هاوکات ناشکرێت وەکو تەماشاکەر بمێنیتەوەو زیاتر لە پەنجا ملیۆن مرۆڤ سەیر بکەن و بزانن چۆن رۆژئاوا، دوای ئەو بێگومان باشووریش جینۆساید دەکرێت، دەبێت جگە لە خەباتی چەکداری، هەموو شێوازێکی خەباتی مەدەنی، بگرێتە بەر بۆئەوەی بەلایەنی کەم، بتوانێت، ئەگەر تیکە نانێکیش بێت بۆ خۆی بیچرێتەوەو لەو هاوکێشە ئاڵۆزە هەرێمی و جیهانییەدا، بە بێ هیچ دەستکەوتێك نەیەتە دەرەوە.

# ڕووداوەکانی سوریا و ناوچەکە چیمان پێ دەگەیەنن؟



سەلاح حسێن ئەفەندی

زۆر زەحمەتە لەم ساتەدا بتوانرێ لە داهاتووی نزیکی سوریا و کاردانەوەی لەسەر ناوچەکە پێشبینی بکرێت، چونکە دۆخی سوریا ئاڵۆزە، تیایدا چەندین گروپ و پێکهاتە و نەتەوە و تایفە لە ململانێدان، چەندین گروپ و هێزی چەکداری جیاواز، کە تا ئێستا لە شەڕ و دژایەتی یەکتریدابوون و بابەتی یەکترقبووڵکردن و دیالۆگ و پەیڕەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی لەناویاندا نامۆیە، هەروەها زلهێزانی جیهان و دەوڵەتانی ئیقلیمی تەراتێن لە وڵاتەکەدا دەکەن و هەر یەکەیان دەیەوێ لەسەر حیسابی سورییەکان و گەلانی ناوچەکە بەشی خۆیان بپچڕێنن و هەژموونی خۆیان بسەپێنن، لەگەڵ ئەمانەشدا بەپێیی ئەو زانیاری و ڕێکەوتنانەی کە هەن لەوە دەچێ، هەر چۆن ئەمەریکا لەگەڵ ئێران لە عێراقدا لەم بیست ساڵەی دواییدا هاوسەنگییەکیان لە نێوانیاندا پێکهێنا بە مەبەستی مسۆگەرکردنی هەژموونیان لەسەر عێراق، بەهەمان شێوە ئێستاش لە سوریادا ئەمەریکا بە پشتگیری ئیسرائیل لەگەڵ تورکیادا لە ڕێگەی ئەکتەرەکانی ناوخۆی سوریاوە، بۆ ماوەیەکی نەزانراو هاوسەنگی سەپاندنی هەژموونیان بەسەر وڵاتەکەدا بە دوورخستنەوەی ئێران و ڕوسیا لە هاوکێشییەکە ئەنجامبدەن. لەو زەمینەیەدا چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورە ناکرێت، بەڵام ئەگەر بەشێک لە هێزە ناوخۆییەکان بتوانن لەسەر پرۆگرام و پلانی هاوبەش ڕێکەون، دەکرێ ئەم ڕوداوانە ببنە سەرەتایەک بۆ گەشەکردنی وڵاتەکە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەگەرەکاندا، لە مەودای ناوەڕاست و دووردا، ئەوەی لە سوریا و ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێ چەند ڕاستیەکمان پێ دەگەیەنن: •دارمانی ڕژێمی ئەسەد، کۆتاییهێنان نییە بە یەکەم یان دوا دەسەڵاتی خۆسەپێننەر، بەڵکو ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەک لە دارمان و گۆڕان و ڕوداوی گەورە لە ناوچەکەدا، لەوانە ڕووخاندنی ڕژێمی شای ئێران، شەڕی ئێران و عێراق و دواتر شەڕی کەنداو و کەوتنی ڕژێمی بەعس لە عێراق، بەهاری عەرەبی، دارمانی ڕژێمە خۆسەپێنەرەکان لە تونس، لیبیا، میسر و یەمەن، شەڕی داعیش و تیرۆر، دواتر شەڕ و وێرانکاری غەزە و گرژی و شەڕی لوبنان و ئێستاش ئەمەی لە سوریا ڕوودەدات، دەبێ لە ئایندەدا چاوەڕوانی گۆڕانکاری مەزنتریشبین.

•ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەم ڕژێمە خۆسەپێنەرانە سەرچاوەی دواکەوتن و شەڕ و تیرۆر و هەژاری ناوچەکەن و هۆکاری سەرەکین لە بەردەوامبوونی پاشکۆیەتی و زەلیلی دەوڵەتان و میللەتانی ناوچەکە بۆ زلهێزەکانی جیهان و کردنی ناوچەکە بە بەشێکی لاوازی پاشکۆی سستمی سەرمایەداری جیهان کە ئەمڕۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشێکی دانەبڕاوە لێیی. ئەوەمان پێ دەڵێن کە دروستکردنی ئەم دەوڵەتانە، لەسەرەتادا بەدەستی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان و دواتر بەردەوامبوونیان لەسەر هەمان بناغەی چەوت و سستمی خۆپەسپێندەر، دەبێ گۆڕانکاری و چاکسازی گەورەیان تێدا ڕووبدات.

•ئەم ڕوداوانە ئەوە دەگەیەنن کە سوریەکان و میللەتانی ناوچەکە، چاک لەو دۆخە نالەبارە تێگەیشتوون کە تێیی کەوتوون و تینووی گۆڕانکاری و چاکسازی گەورەن لە وڵات و ناوچەکانیاندا ڕووبدات، ئەوش بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوونی نادروست و ڕەشبینانەیە، کە هیچ تروسکاییەک بۆ گۆڕانکاری نابینن.

•ئەوە دەگەیەنن کە ڕۆژی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، وەک یەک لە ڕیزەکانی شیعە و سوونەدا، لە ئاوابووندایە، ڕووی ڕاستیان هەتا ڕادەیەکی زۆر لای خەڵکی ئاشکرا بووە، ئەوەی هەتا ڕادەیەک لە ناو خەڵکدا ماوەتەوە: ترسە، کەم هیوایی و لێڵی ئاسۆیەکی ڕوونە بۆ ئایندە و دانانی میکانیزمێکی گونجاوە بۆ گەیشتن پێیی.

•هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا بەردەوامە، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەیی چارەسەری گونجاو بۆ قەیران و گرفت و هەروەها گەشەپێدانی وڵاتەکان و خۆشگوزەرانی خەڵکەکانی بەردەوامە. هەموو ئەو دەستەڵاتە خۆسەپێنەرانە ناوچەکە کە هۆکاری ئەو قەیرانانەن و ڕێگرن لە گۆڕانکاری، زوو بێت یان درەنگ، یان دەبێ سیاسەت و شێوازی حوکمڕانیان بگۆڕن و چاکسازی گەورە و فراوان بەدیبهێنن، هەروەها ڕێگە بدەن بە چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، یان ئایندەیان وەکو ئایندەی خۆسەپێنەرەکانی پێش خۆیان باشتر نابێت.

•لەبەر ئەوەی سوریا بەشێکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە گرنگی تایبەتی لە سەر ئاسایشی سەرچاوەی وزەی جیهان و پێکەوتەیەکی جیوسیاسی گرنگی هەیە بەوەی ڕێگە بازرگانی و هاتووچۆکانی جیهان تیایدا تێدەپەڕێ و سێ کیشوەری گەورەی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها بۆتە سەنتەری تێکەڵبوون و گردبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی جەمسەرەکانی جیهان، لە ئێستاشدا کە جیهانگیری لە ململانێیەی سەختدایە بۆ بەستنەوەی هەموو جیهان پێکەوە و دەربازبوون لە قەپی سیاسەتمەدارە خۆسەپێنەر و نەتەوەپەرستان لە سەرانسەری جیهاندا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو شوێنێکی تری جیهان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بە جۆرێک بەرێوەچوونی جیهانگیری، بەستنەوەی جیهان پێکەوە، گەشەکردنی ئابووری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی ڕویان لە مرۆڤایەتی کردووە، بەندە بە سەقامگیری و بوژاندنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەشداربوونی لەو پرۆسەیەدا و بوونی بە ئەڵقەیەکی بەهێز لە سستمی سەرمایەداری جیهان. ئەمڕۆ گۆڕانکارییەکانی سوریا، لەگەڵ هەموو ئەو ئازار و هەڕەشانەدا کە لە ڕێگەدان، بەشێکن لەو پرۆسەیە

•ئەو ڕوداوانە ئەوە دەگەیەنن کە هەوڵدانی هێزە ئیقلیمییەکانی ناوچەکە، نموونەی ئێران لە سەردەمی ڕژێمی شادا، میسر لە سەردەمی ناسردا، عێراق لەسەردەمی سەدامدا لە پێناوی سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر وڵات و میللەتانی ناوچەکە شکستیان هێنا، هەروەها هەوڵەکانی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لەسەر سوریا و وڵاتانی تری ناوچەکە لە شکستهێناندان، هەوڵەکانی پێشووی تورکیا شکستیانهێنا، بۆیە تورکیا ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری و سیاسی و ئەمنی بۆتەوە. هەوڵەکانی ئێستای تورکیا و ئیسرائیل بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر سوریا و ناوچەکەش بە هەمان شێوە لە ئایندەدا شکست دەهێنن و ناوچەکە و خۆشیان توشی شەڕ و قەیران و گرژی درێژخایان دەکەن کە لە کۆتاییدا تەنها خزمەتی ستراتیژێتی زلهێزەکانی جیهان دەکەن لە هەوڵیاندا بۆ پاراستنی هەژموونیان لە ناوچەکەدا.

هۆکاری ئەو شکستهێنانانە ئەوەیە کە وڵات و میلەتەکانی ناوچەکە هەژموونی کەس قبووڵ ناکەن، سەرەڕای ئەوەش هیچ هێزێکی ئیقلیمی نە ئەوەندە بە هێزە و نە دەتوانێ هێندە بەهێزبێت، لە هەمان ساتدا ململانێیی زلهێزەکانی جیهان و ئیقلیمییەکان بکات و بەرهەڵستی میللەتانی ناوچەکە بکات، بەڵکو ئەو هەوڵانەیان دەبنە هۆکاری بەردەوامبوونی ناوچەکە لە قەیران و دواکەوتن و پاشکۆیەتی و ئەو هەوڵانەیان دەچنە خزمەتی بەرژەوەندییە نارەواکانی وڵاتانی زلهێز بۆ هێشتنەوەی هەژموونیان لە ناوچەکەدا.

•ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەوەدەکانەوە جیهان پێیدا تێدەپەڕی، وەک بەرپابوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیای فرەجەمسەر،

دارمانی بلۆکی سۆسیالیزم، فراوانبوون و گوژمدانی جیهانگیری، لەدایکبوونی جەمسەری ئابووری نوێ  لە جیهاندا، زیادبوونی یەکسانی لە نێوان ناوچەکانی جیهاندا، پاشەکشێکردنی هەژموونی خۆرئاوا لە چاو نیوەی دوومی سەدەی بیستدا، ئەوە دەگەیەنن کە دەرفەتی نوێی مەزن لە بەردەم سوریا و هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە کە ببوژێتەوە و ببێتە سەنتەرێک و بەشێکی بەهێز لە سستمی سەرمایەداری جیهان.

•هەموو ئەو رووداو و شەڕ و قەیرانانەی لە وڵاتەکانی ناوچەکەدا ڕوودەدەن، دەستێوەردانی هێزی دەرەکی تیایاندا، کاردانەوە و تەشەنەدانیان بە هەموو ناوچەکەدا، لە بەرامبەردا هەموو ئەو پرۆژانەی کە جەمسەرەکانی جیهان: ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا، ئەوروپا، چین، روسیا یان هندستان بۆ ناوچەکە هەیانە، پێداویستیە هاوبەشەکانی گەشەپێدانی ئابووری، پێداویستیەکانی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی، کاردانەوەی سیاسی و جیوپۆلیتیک، ئاسایشتی هاوبەش، هەڕەشەی ئایدۆلۆژی و گروپی توندڕەو، کاردانەوەی گرفتە چارەسەرنەکراوەکانی گەلی فەلەستین، پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و ئیسرائیل، گرفتەکانی مەسەلەی مافی چارەنووسی کورد کە رووبەڕووی هەموو وڵاتان و میللەتانی ناوچەکە دەبنەوە، ئەوە دەگەیەنن کە وڵات و میللەتانی ناوچەکە گرفت و پێداویستی و ئاڵەنگاری و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، پێویستە لەسەر هەموو ئەو بابەتانە پرۆژەی هاوبەشیان هەبێت، و لەسەر چارەسەر بۆ ئەو بابەتانە لەیەکتر نزیکببنەوە، ژیرانە سوود لە ستراتیژی جەمسەرەکانی جیهان وەرگرن بۆ گەشەپێدانی ناوچەکە و هەوڵبدەن کەم یان زۆر پەیوەندی هاوسەنگ لە گەل هەموو جەمسەرەکاندا ئەنجامبدەن، چوونکە جیهان پێویستی بە ناوچکەیە، بە جۆرێک بێ خۆرهەڵاتی ناوەراستی سەقامگیر و پێشکەوتوو، جیهان ناتوانێ سەقامگیربێت و لە گەشەکردن بەردەوامبێت. ئەم بابەتە هەموو میللەت و وڵاتانی ناوچەکە دەگرێتەوە بە سوریا و عێراق و کوردستانیشەوە

•هەندێ بۆچوون لە بارەی ئایندەی کوردستان و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی کوردی لە سوریا یان عێراق لەم قۆناغەدا بە پشتگیری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یان ئیسرائیل دێتە گوێمان، بەڵام بە پێیی ئەو راستیانەی باسمان کرد، بمانەوێ یان نا، ئایندە و مان و نەمانی کوردستان بەندە بە پەیوەندێکی هاوسەنگ و تەندروست لەگەڵ وڵات و میللەتانی ناوچەکەوە.

کوردستان و میللەتی کورد پێکەوتەیەکی جیوپۆلیتیکی گرنگ و ئەرێنی لە ناوچەکەدا هەیە، کە دەکرێ لە ڕێگەی بونایدنان و چاکسازی و گەشەپێدانی ناوخۆ و ستراتیژی نەتەوایەتی هاوبەشەوە، وڵاتەکە ببێتە  سەنتەرێکی ئابووری و سیاسی پێشکەوتووی گرنگ لە ناوچەکەدا و فاکتەرێک بۆ لەیەکنزیکبوونەوەی گەلانی ناوچەکە لە یەکتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوەندیاندا، کە دەبنە بنەمایەک بۆ کوردستانێکی پێشکەوتووی ئازاد، کە ئەمرۆ نازانین لە چی چوارچێوەیەکدا خۆی دەگرێتەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی گەلانی دەورووبەر لە لایەن هەندێ گروپ و هێزی کوردستانییەوە بە پشتگیری دەوڵەتێکی توندرەوی وەکو ئیسرائیل، وڵاتەکەمان دەخاتە دۆزەقێکەوە کە دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوەی درێژخایان لەگەڵ دەوروپشتدا، لە کۆتایدا زیاتر کاولبوون و دواکەوتن و پاشکۆیەتی وڵاتەکە.

سایتی ئاوێنە




# سوریا لە مەرقەدی زەینەبەوە بۆ مزگەوتی ئەمەوییە!

## د.سەردار عەزیز



لە ماوەی ڕابردودا دوو ناوەندی ئاینی لە سوریا بوون بە جێگای سەرنج و سیمبول و پیادەکردنی دەسەڵات.

 یەکەمیان گۆڕی زەینەبە، کە دەکەوێتە دەرەوەی دیمەشق کە سیمبولی شەڕی ناوخۆی ئیسلام و چەوسانەوەیە، بە تایبەتی لە نێوان یەزید و بنەماڵەی ئیمامی عەلیدا.

ئەم جێگایە لە لایەن میلیشیا شیعەکانەوە کرابوە بەهانە بۆ بونیان لەوێ و بونی مەترسی لە سەر مەرقەدەکە.

لە سەروبەری کەوتنی ئەسەددا دێڕێک زۆر ئاماژەی پێدەدرا ئەویش: لن تسبی زینب مرتین. بە مانای ئەوەی دووجار زەینەب ناکرێت بە سەبییە، ( سەبییە کردەیەکەی دیلگرتن و کۆیلەیەتی و مامەڵەی سێکسییە).

بەپێی ئەم حەکایەتە جارێک لە سەردەمی یەزیدا زەینەب بە سەبییە کراوە، نابێت جارێکی تر بە سەبییە بکرێتەوە.

 دیارە وەک لە ڕستەکەدا دیارە جۆرێکە لە ختۆکەدانی تایفی و ئاینی و شەڕی ناوخۆی ئیسلام بۆ وروژاند و تەجنیدکردنی خەڵک بۆ شەڕ.

دیارە ئەمە بە هانای ئەسەدەوە نەهات چونکە ئەسەد بە هۆکاری زۆر، لە سەروی هەمویانەوە زوڵم و گەندەڵی نەیتوانی داکۆکی لە خۆی بکات.

ئێستا پاش کەوتنی ئەسەد ئەو جێگایەی بوتە جێگای نمایشی دەسەڵات مزگەوتی ئەمەوییە لە دیمەشق. ئەم مزگەوتە، مێژویەکی کۆنی هەیە. لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام ئەم جێگایە جێگای پەرستن بوە، پاشان لە سەردەمی ڕۆمان و بێزەنتیدا. تەنانەت سەرجەم ئەندازەسازییەکەی بێزەنتتیە.

مزگەوتەکە لە سەردەمی وەلیددا دروستکراوە، بەڵام دێرینی و گرنگی دەیکاتە سیمبولی دەسەڵاتی ئەمەوی سوننی بەرامبەر شیعە. جێگای باسە لە حەوشەکەیدا سەلاحەدین نێژراوە.

بونی مزگەوتی ئەمەوییە بە پانتایی و سیمبولی دەسەڵات، ئاماژەیەکی ڕونە بۆ گەڕانەوەی سوننە بۆ دەسەڵات لە شام، هەروەها کردەیەکی ئەنقەستە بۆ جاڕدانی کۆتایی دەسەڵاتی شیعە یان ئێرانی.

بێگومان ئەستەمە پیادەکردنی دەسەڵات لە ئاین دابېڕیت، بەڵام کردنی شەڕی ناکۆتای ناو دینی ئیسلام بە بنەمای دەسەڵات ئاماژەیەکی خراپە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات چونکە سوریا دەبێت لە سەر بنەمای تراژیدیاکانی لێبوردەیی دروست بکات هەتا بتوانێت سەقامگیر بێت نەک تۆڵە و زاڵبون و سڕینەوە.

سایتی KNN

# نایلا خەڵاتگری خەڵاتی ئاشتیی نێودەوڵەتی منداڵان

## ڕەزا شوان



نایلا ئیبراهیمی، کچە خوێندکارێکی هەرزەکاری تەمەن (١٧) ساڵانە. بە ڕەچەڵەک ئەفگانییە. لە ئێستادا لەگەڵ خێزانەکەیدا پەنابەرن و لە وڵاتی (کەنەدا) دەژین. نایلا چالاکوانێکی سەرسەخت و دلێر و بوێری داکۆکیکەرە لە مافەکانی کچان و ژنان و لە یەکسانی جێندەری لە ئەفگانستان، کە لەلایەن ڕژێمی تاڵیبانی ئیسلامی پیاوسالاری لە ئەفگانستاندا، وەک کۆیلە لە ژنان دەڕوانن و هەموو ئازادییەک ومافی ژیانیان لێ سەندوونەتەوە. بۆیان نیە و قەدەغەیە لەدوای قوتابخانەی سەرەتاییەوە، درێژە بە خوێندن بدەن. بۆیان نیە بەبێ یاوەریی پیاوەکانیان یان براکانیان یان خزمێکیان، لە ماڵەکانیان دەربچن. بۆیان نیە بەبێ مۆڵەت گەشت بکەن. دەبێت باڵاپۆش و ڕووپۆشبن و نابێت هیچ شوێنێکیان بەدەرەوە بێت. قەدەغەیە لە قسەکردندا دەنگیان هەڵبڕن. یان لە بەردەمی خەڵکیدا قسەبکەن و پێبکەنن. نابێت بە ئارەزووی خۆیان شووبکەن. قەدەغەیە لە دوای تەمەنی (١٢) ساڵییەوە لە شوێنە گشتییەکاندا گۆرانی بڵێن. بۆیان نیە بچنە پارکەکانەوە. بۆیان نیە بچنە هۆڵەکانی وەرزشەوە. قەدەغەیە بچنە ئارایشتگاکان و خۆیان برازێننەوە و خۆیان جوان بکەن. بە کورتی ڕژێمی تاڵیبانی ئەفگانستان، یاسایەکی توندی ئیسلامی بەرانبەر بە کچان و ژنانی ئەفگانستان جێبەجێدەکەن. کە دوورە لە پرەنسیپ و لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی ژنان و یەکسانی جێندەری. خاوەنی هۆش و بیرێکی بۆگەن و کۆنەپەرستی و نێرسالارین. نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخەکەی بە "جیاوازیکردنی ڕەگەزی" باس کردووە.

چیرۆکی ژیان و خەباتی نایلا ئیبراهیمی، لە تەمەنی (١٣) ساڵییەوە دەست پێدەکات. ئەوەبوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شاری (کابول) ی پایتەختی ئەفگانستان، لە مانگی ئاداری (٢٠٢١) دا، بڕیارێکی دەرکرد، قەدەغەی کچانی سەرووی (١٢) ساڵانی کرد، کە نابێت لە شوێنە گشتییەکاندا گۆرانی بڵێن. بەڵام نایلای چاونەترس، سەرپێچی ئەم قەدەغەکردنەی کرد، بە یارمەتیی براکەی لەژێر ناوی"من گۆرانی دەڵێم" گۆرانییەکی وت. لە ڤیدیۆیەکدا لە ئینتەرنێتدا، براکەی لە سۆشیال میدیادا بڵاویکردەوە. کەمپینی "من گۆرانی دەڵێم" سەرنجی بەرچاوی سۆشیال میدیای ڕاکێشا. بە هەزاران لە کچانی ئەفگانستان ئافەرین و دەستخۆشیان لە نایلا کرد و ستایشی بوێرییان کرد. ئەم دەستپێشخەرییەی نایلا سەرکەوتووبوو. بووە هۆی ئەوەی، کە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کابول بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە. لەو کاتەوە نایلا پەیامەکەی گەیاندە خەڵکی جیهان. داواشی لە کچان و لە ژنانی ئەفگانستان کرد، بێدەنگ نەبن و لە پێناوی مافەکانیاندا تێبکۆشن.

نایلا دەڵێت:"من خولیای قووڵم بۆ موزیک هەبوو. من بەشێک بووم لە دەنگی ئەفگانستان، کە گۆرانیمان لەسەر بابەتی جیاواز دەوتەوە. مافی ژنان یەکێک بوو لەوانە. حەزم لە ماناکانی پشت تۆن و مێلۆدی ڕیتم بوو. ئەمەش بوو بە هۆکارێک بۆ ئەوەی خولیای وتنی گۆرانی ببم".

نایلا لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، دوای پێنج ڕۆژ لە ڕووخانی ئەفگانستان و دەسەڵاتی تاڵیبان. بە هاوکاریی (دامەزراوەی٣٠ باڵندە) لەگەڵ خێزانەکەیدا بەرەو پاکستان هەڵهاتن و ڕزگاریان بوو. نایلا دەڵێت:"دوای ئەوەی کە تاڵیبان لە مانگی (ئابی/ ٢٠٢١) دا، دەسەڵاتی ئەفگانستانیان گرتە دەست، من و خێزانەکەم پەنامان بۆ پاکستان برد. لەوێ نزیکەی ساڵێک ئازارم چەشت. بەبێ ئەوەی کە دەستم بە خوێندن بگات. لەو ماوەیەی لە پاکستان بووم، کاتەکانم بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە شێوەی ئۆنلاین، لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیاوازەکانەوە بەسەر دەبرد. لە کۆتاییدا ئاسوودەییمان لە کەنەدا دۆزییەوە" دەشڵێت:"سەرەڕای ئەو دەرفەتانەی، کە ئێستا لەبەردەستم دان، لە ماڵە نوێیەکەمدا، هەست بە ئاسوودەییەکی گەورە دەکەم. بەڵام ناتوانم چاوپۆشی لە دۆخی نالەباری ژنان و کچانی ئەفگانستان بکەم. هەموو ڕۆژێک بیر لەو کچانە دەکەمەوە کە لە ئەفگانستان بەجێمهێشتوون. کە لەژێر دەستی ڕژێمی تاڵیباندا، لە دەرەوەی قوتابخانەدا دەمێننەوە و لە مافە سەرەتاییەکانە خۆیان، بۆ خوێندن بێبەشن و هەموو ئازادییەکیان لێیان سەندوونەتەوە".

سەرەڕای ئەو سەختی و بەرهەڵستییانەی هاتنە ڕێی نایلا، ڕازی نەبوو کە بێدەنگ بێت، لە پێناوی داکۆکیکردن لە ژنان و کچانی ئەفگانستان. دەڵێت: "لە ناخمدا هەست بەو بەرپرسیارێتییە دەکەم، کە وا دەکات بە ناوی هەموو کەسێکەوە قسەبکەم کە بێدەنگە و مافی قسەکردنی نیە".

لێرەوە نایلا دەستی بە خەبات و بە داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و لە مافەکانی کچان و ژنانی ئەفگانستان کرد. دەستپێشخەرییەکی بە ناوی "هەموو چیرۆکێک" دەستپێکردووە. وەک چالاکوانێکی ماندووونەناسە و بەبێ وچان خەبات و کاردەکات. هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردووە، کە دەنگی کچانی ستەملێکراوی ئەفگانستان بە جیهان بگەیەنێت.

نایلا ئیبراهیمی، لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا، لە کەمپی "بێتا" لە کەنەدا بۆ پەنابەران. وەک کارگێڕێک لەو کەمپەدا کاردەکات. سوودێکی زۆری لەم کارەی بینیووە. هەموو هەفتەیەک چاوی بە کارگێڕانی باڵادەست دەکەوێت، لە بوارەکانی کارگێڕی و تەکنەلۆژیا و پزیشکی و... هتد. هەرچەندە ئەو لە پاشخانێکی جیاوازەوە هاتووە. نایلا دەڵێت:" کەمپی بێتا، دەرگای بۆم کردەوە. چوومە ناو جیهانی کەسانی زۆر زیرەک. دیدگای منیان گۆڕی. ڕێگەم پێدرا کە من خۆم بم و داکۆکی لەوە بکەم، کە باوەڕم پێی هەیە. یارمەتییان دام کە متمانە بەخۆبوونم بەرزبکەمەوە و شوێن خولیاکانم بکەوم". نایلا لەم کەمپەدا لە چەند وۆرک شۆپێکدا بەشداریکرد و ڕا و بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو. دەڵێت:"زۆر جار وا بیردەکەیتەوە، کە ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زیاتر لەچاو تەمەنتەوە بوویتە. هەست بەبێ هیوای دەکەیت. چونکە وا بیردەکەیتەوە کە کەس لێت تێناگات و تۆ وەک کەسانی هاوتەمەنی خۆت نیت. بەڵام هیوایەکت هەیە". دەشلێت:" دەبێت خۆت بە جیهان بناسێنیت. ئەگەر نا چۆن کەسانێک دەدۆزیتەوە کە بەڕاستی پەیوەندیت لەگەڵیاندا دەبێت".










نایلا لە کۆنگرەکانی وەک لوتکەی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی لە ساڵی (٢٠٢٣) لە شاری جنێڤ ـ لە سویسرا. قسەی کرد و وتاری دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی کچان و ژنانی ئەفگانستان پێشکەش کرد. هەروەها لە ساڵی (٢٠٢٤) دا لە کۆنفرانسی (تید) لە ڤانکۆڤەر قسەی کرد. وتی:"ئەگەر مافەکانی ژنان لە بەشێکی جیهاندا زیانیان پێبگات، ئەوا لە هەموو جیهان بە جۆرێک یا بە جۆرێکی تر زیانیان پێدەگات".

نایلا ئیبراهیمی، بە هۆی خەبات و داکۆکیکردن لە کچان و ژنانی ئەفگانی لەرێی تۆمارکردنی گۆرانییەکی بەهێزی نارەزاییەوە، کە بە شێوەی ئۆنلاین بڵاوبۆتەوە. درێژە بە ئیلهامبەخشین و بە هاندانی کچانی دیکەی پەنابەرانی ئەفگانستان دەدات. بۆ ئەوەی داکۆکی بکەن لە بەدەستهێنانی مافەکانی کچانی ئەفگانستان. رووبەڕووی ئەو ستەمکارییانە ببنەوە کە لەلایەن رژێمی تاڵیبانەوە رووبەڕوویان بوونەتەوە. لە رێگەی قسەکردن لە بەردەم خەڵکیدا، لە بۆن و رووداوە جیهانییەکاندا.

نایلا ئیبراهیمی ئەفگانی، وەک کچە هەرزەکارێکی چالاکوانی جیهانی. لەلایەن رێکخراوی مافی منداڵانی هۆڵەندییەوە (کیدس رایتس) ەوە. لە پاداشتی خەبات و داکۆکیکردنی لە مافەکانی کچان و ژنان. (خەڵاتی ئاشتیی نێودەوڵەتی منداڵان ـ ٢٠٢٤) یان پێشکەش کرد. ئەم خەڵاتە پێشکەش بەو هەرزەکارە چالاکانە دەکرێت، کە تەمانیان لە هەژدە ساڵ کەمترن. پێشتر ئەم خەڵاتە جیهانییە، پێشکەش بە دوو کچە هەرزەکاری چالاکوانی جیهانی کراوە. ئەوانەش"گرێتا تونبێرگ ـ سویدی ـ چالاکوانی بواری کەشوهەوا" و "مالالا یوسفزای ـ پاکستانی ـ براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی".

نایلا ئیبراهیمی، سێیەم کچە هەرزەکارە، کە ئەم خەڵاتەی بەدەستهێناوە. لەنێوان (١٦٥) هەرزەکاری پاڵێوراو، کە لە (٤٧) وڵاتەوە بۆ ئەم خەڵاتە هەڵبژێران. نایلا ئیبراهیمی بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە هەڵبژێردرا.

خەڵاتەکەش لە رۆژی سێ شەممەی (١٩/ نۆڤەمبەر/ ٢٠٢٤) لە ئاهەنگ و رێورەسمێکی شایستەدا، لە (نیوۆڤی کێرک) لە ئەمستردام ـ پایتەختی هۆڵەندا پێشکەش کرا. خەڵاتەکەش لە لایەن براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، خاتوو (توکەل کرمان) ی یەمەنییەوە، پێشکەشی نایلا ئیبراهیمی کرد.

نایلا وتی:"بردنەوەی خەڵاتی نێودەوڵەتی ئاشتیی منداڵان، بەو مانایەیە کە دەنگی ژنان و کچانی ئەفگانی، لە سەرانسەری جیهاندا دەنگ دەداتەوە".

هەر لە دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە، لە بایاننامەیکدا، ئاماژەی بەوە کردووە: "پێویستە هەموومان لە تاریکترین کاتەکاندا، بەردەوامبین لە پێدانی هێز و هیوامان".

رێکخەرانی رێکخراوی ئاشتیی نیودەوڵەتی منداڵان روونیان کردەوە و وتیان: "نایلا ئیبراهیمی کە بە رەچەڵەک خەڵکی ئەفگانستانە و لە کەنەدا دەژی، بوێرانە خەبات دەکات بۆ مافەکانی کچان و ژنان لە وڵاتە رەسەنەکی خوێدا. بە تۆمارکردنی گۆرانییەکی بەهێزی نارەزایی دەستی پێکرد، کە بە شێوەی ئۆنلاین بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش یارمەتیدەربوو بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ مافەکانی کچان و ژنان لە ئەفگانستان. بەردەوامە لە ئیلهامبەخشین بە ژنانی دیکەی ئەفگانستان بۆ ئەوەی داوای مافەکانیان بکەن و دژایەتی ئەو ستەمە بکەن کە رووبەڕوویان دەبێتەوە. دەتوانن ە بۆنە نێودەوڵەتییەکان بقۆزنەوە و قسەبکەن و داکۆکی لە دۆزی خۆیان بکەن".

بێجگە لەم خەڵاتە، نایلا چەند خەڵاتێکی کەشی بەدەستهێناوە.

نایلا و براکەی و یەکێکی تر وەک تیمێکی سێ کەسی دەستیان پێکرد. گەشەی کرد و بۆتە کۆمەڵێکی زیندوو، کە زیاتر لە (١٠٠٠) لایەنگریان تێدایە. لایەنگری ماڵپەڕەکانن لە ئینتەرنێت و ماڵپەڕەکان و سۆشیال میدیا. خەریکە بەرەو بە جیهانی بوون دەچێت. هەر کەسێکیش بیەوێت، دەتوانێت ببێتە لایەنگری یا بەشداربووی (هێرستۆری) هەریەکە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە.

نایلا دەڵێت:"تاکە هیوای ئێستام، بۆ وڵاتەکەم و بۆ کچانی ئەفگانستان، پەروەردە و خوێندنە. پەروەردە و فێربوون تاکە رێگای دەربازبوونە لەو هەزاران کێشانەی کە ئەفگانستان وەک وڵاتێک رووبەڕوویان دەبێتەوە. جێگەی داخە کە نیوەی دانیشتوان، ریگایان پێنادرێت بچنە قوتابخانە".

(*) بۆ ئەم نووسینە، سوود لە چەندین سایتێکی ئینگلیزی وەرگرتووە.

سوید: ٢٠٢٤

# پرۆسەی خوێندن تەنیا گەشتێکی کورت خایەنە

چنار عەزیز



لە پرۆسەی خوێندنی ئەمڕۆدا، خوێندن تەنیا گەشتێکە بەناو پرۆسەکەدا، بێگومان گەشتێکی بەرتەسکە و بەواتای ئابووریخوازانە دێت تا گەشتێکی مەعریفی و زانستی و بونیادنانی کەسایەتیەکی دادپەروەرو مکوڕ لەسەر داواکارییەکان و یەکسانیخواز و دیموکراسی و ژینگە دۆست. واتا پرۆسە پەروەردەییەکە لەناو بازاڕی کارو پیشەدا بچووککراوەتەوە، ئایا لەناو ئەم بازاڕی کارو پیشەیەدا چەندە قازانج یان زیان دەکەین؟ نەک چەندە توانا مەعریفییەکانمان گەشەی کردووە، واتا پرۆسەی پەروەردە ڕێڕەوێکی بازرگانی وەرگرتووە، نموونەش بۆ ئەوە بوونی فێرگە ناحکومییەکان و زانکۆو پەیمانگا ناحکومییەکانن، ئەمانە ئەوەندەی کار لەسەر بە بازاڕکردنی پرۆسەی پەروەردە دەکەن نیوو ئەوەندە کار لەسەر پێگەیاندنی تاکێکی سوودبەخش بۆ خۆیی و بۆ کۆمەڵگە ناکەن، لەکاتێکدا کاری پەروەردە ئەوەیە چاوو گوێی زیاتر بەتاک ببەخشێت زیاتر لەوەی کەهەیە ئەمەش لەپێناو بینینی جوانیەکان و ڕێزو شکۆمەندی مرۆڤ، بەو واتایەی کاری پەروەردە ئاشتکردنەوەی تاکە بە کۆمەڵگە، ئەو تۆران و لێکترازان و دابڕانەی لەنێوان تاک و کۆمەڵگەدا هەیە پەروەردە نایهێڵێت، ئەم کارەش چۆن دەکرێت؟ بێگومان بە کەسانی لێزان و ئەزموندار دەکرێت کە پرۆسەی پەروەردە بۆ خزمەتی گشتی دەخەنە گەڕ و تایبەتی ناکەن بە دەستە و تاقمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە. واتا ئامانجیان یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتیخوازییە، بەدەر لەمانە کارکردن لەناو پرۆسەی پەروەردەدا وەک کارکردن لەنا بینایەکی بێ بناغە وایە کە زۆر دڵنیای لە ڕوخانی. دەشێ بڵێین پەروەردە موگناتیسێکە بۆ ڕاکێشانی تاکی تۆراو بۆناو کۆمەڵگە. تاک و کۆمەڵگە دوانەی لێکدانەبڕاون، ئاشتکردنەوەی تاکیش بە کۆمەڵگە بەوە دەبێت کە جوانی و ناشیرینییەکانی کۆمەڵگەی وەک یەک خۆشبووێت، چەند دڵخۆشە بە جوانییەکان ناشیرینییەکانیش قبوڵ بکات و هەوڵبدات بەو تواناو لێهاتوویەی هەیەتی بیانسرێتیەوەو جوانییەکان بخاتە جێی ناشیرینییەکان. شارەکانی ئێمە پڕن لە مۆڵ و بینای بەرزو سەرنج ڕاکێش،، بەڵام لەناو خێزان و فێرگەکاندا تا ئێستاش تاکی ترسنۆک و شەرمن بەرهەمدێت ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پەروەردە ڕووکەشیانە کارەکات، تەنیاو تەنیا کار لەسەر بەخشینی بڕوانامە دەکات، کار لەسەر ڕۆحی مرۆڤ ناکات، کەواتە خێزان و فێرگە کارگەی بێدەنگکردن و ژێردەستەکردنی تاکی کۆمەڵگەن، ئەم دامەزراوانە تاک دەکەنە ژێردەستە و ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لێ دەسەنێتەوە و ژیاندۆستی لەناخی تاکدا دەکوژن، دواجار ئامانجەکان بەوە کۆتایی دێت کە ئەو تاکە کەمترین گەڕان بەدوای زانستدا بکات و مرۆڤێکی بێ حەوسەڵەی لێدەربچێت، تاکێک بێت نامۆ بێت بە کۆمەڵگە و ترسنۆک و بێ ئیرادەی لێدەربچێت، کە ئەم جۆرە کەسایەتییەش دەرچوو، دەبێتە کەرەستەیەک بەدەست کۆمەڵگەوە، کۆمەڵگەش بەو جۆرە کاری لەسەر دەکات کە خۆی قبووڵییەتی، کەسایەتییەک دەردەچێت کە قبووڵی هەموو نادادپەروەری ونایەکسانییەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت نایەکسانییەکانی ناو پرۆسەی پەروەردە بکات کە زۆر زەق و دیارن کۆمەڵگەی کردووە بە دوو چینەوە، لەکاتێکدا مەرجی یەکەم و بناغەی پەروەردە ئەوەیە مرۆڤێکی یەکسانیخوازو دادپەروەر دروست بکات. لەبەرئەوە پەروەردە بۆ کامڵبوونی تەواوی مرۆڤە نەک مرۆڤێکی بێ ئیرادە دروستبکات،کە کات بەفیڕۆ بدات.

بەواتا پەروەردە بۆ هەمووانە مووڵکی دەستەیەکی دیاریکراو نییە، واتا هەمووان خاوەنی هەمان فێرگەو نەخۆشخانەو پۆشاک و خواردن هەمان شوێنی نیشتەجێبوون و هەمان گۆڕستان بن کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەواو پێچەوانەیە.

. لە کتێبی گۆشتەکەی بۆ تۆ، ئێسقانەکانی بۆ من، نووسینی مامۆستا شێرزاد حەسەن دەڵێت( بارەگای سەرۆکەکان وان لە شوێنی زۆر خۆش و بڵند و قایمدا، کە پتر داگیرکردنی ئەو سەیرانگە و هاوینە هەوارانەیە کە بەعس نەیدەتوانی داگیریان بکات، کەچی پێشەواو سەرانی کورد بە تەلبەند و شورای بڵند خۆیان لە هەمووان جیاکردۆتەوە، حەزیان بە ترۆپکی گردو شاخەکانە، ماڵی هەندێکیان سەدەها دۆنم زەوی و زارە، لەوە دەچێت هەمان هەوا هەڵ نەمژن کە عەوام و مسکێن هەڵیدەمژن، هەمیشە سوپایەک لە چەکدار و جێبی جامەرەش ئەوان لە خەڵکی دوور دەخاتەوە، وەک شایلۆکی ناو شانۆگەییەکەی بازرگانی ڤێنیسیای شکسپیر، کە چەندە دەوڵەمەندتر بێت، چاوچنۆک و قرچۆکتر دەبێت، قەرزەکانی لەبری خوێنمژینی ئەوانی دیکە، بێ گیرفان و نەدارانەیە، ژێرزەمین و کەلاوەکانیش بۆ ڕەشەخەڵکەکە)

مەرجە خێزان و فێرگەکان نموونەی باڵا بن و ببنە مۆدێلی خەسڵەتە جوان و پەسەندەکان.

## مەنبەج - منبج

بە دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی سووریا منبج ساڵی 2012 کەوتە دەستی سوپای ئازادی سووریا. دواترلە ساڵی 2014 لەلایەن چەتەکانی داعشەوە داگیرکرا.

لە ساڵی 2016 شاری منبج لەلایەن ئەنجوومەنی سەربازی منبج و شەڕڤانانی یەپەگە ویەپەژە ڕزگارکرا.

لە 20ی نیسانی 2016 بەڕێوەبەری منبج لە شاری سەرێن-ی کۆبانی دەستنیشانکران. ژمارەی ئەندامانی مەجلیسەکە 43 کەس بوون. دوای ڕزگارکردنی شارەکە بووە 132 کەس.

لە ساڵی 2017 مەجلیسی بەڕێوەبەری شارەی منبج لە 132 کەس هەڵبژێردران کە لە یەک ئەرمەنی، یەک چەرکەس، 11 تورکەمان، 40 کورد و 71 عەرەب پێک هات.

شاری منبج دەکەوێتە دووری 90 کم باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب و 40 کم لە دووری باشووری جرابلس، 65کم ڕۆژاوای کۆبانی و لە ڕۆژهەڵاتیش 45 کیلومتری ڕۆژهەڵاتی باب.

شاری منبج تا ئێستا 7 جارلەلایەن دەسەڵاتەکانی ئاشووری، عەرەب، ڕۆم و عوسمانی داگیرکراوە و دەوڵەتی تورکیا بەنیازە جارێکی ترداگیرکاری خۆی دووپات بکاتەوە.[1]

لە مانگی 12ی 2024 پاش کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد، منبج جارێکی دیکە کەوتەوە دەست چەتەکانی تورک. بەڵام پاش چەند ڕۆژێک شەڕڤانانی ڕۆژاوا هێرشیان بۆی کردووە و لەژێر دەستی چەتەکان ڕزگاریان کردووە.

کوردپیدیا



# بۆدار بەڕووەکەی گرگاشێ

## عەلی محەمەد چوارتایی



تەمێکی پایزیی ئەرخەوانی، شاخی زینوی  خوێناوی کرد
شاخێکی بەرز وعاسی ترۆپکی لەناو هەورەکانی ئاسمانە.
تەمێکی سپی لووتکەکانی داپۆشیوە، جار جارەش شەماڵێک هێواش و لەسەرخۆ، تەمەسپییەکە لەسەر ڕووخساری چیا گەردن بەرزەکە لادەبات و شاخەکەش هەناسەیەکی ئارام هەڵدەمژێ.
ڕۆژێکی سارد بوو، ئاسمانی تووڕە بەچەند گرمەوناڵەیەک هەڕەشەی لەپیاوە پۆشاک تەڕو بەستووەکانی ناوسەنگەرەکان دەکرد، ئەمانیش یەک یەک لەناو سەنگەرە تەڕ وقوڕاویەکاندا ڕۆنیشتبوون.
شوێنەکە هێندە ناخۆش بوو کەنەیاندەتوانی جوان ڕۆنیشن، لەتەوقی سەریانەوە تاکو پەنجە سڕەکانیان بەدڵۆپەی باران قوڕاوی ببوون، هێندە  شاخەکە ساردوسڕ بوو، پیاوە سەنگەر نشینەکان بەهەناویان پەنجە قوڕاوی وتەڕەکانیان گەرم دەکردەوە.
شووێنەکە ڕەبایەکی دووژمن بوو، چەند شەوێک کەووتبووە دەست پیاوە قوڕاویەکانی ناو سەنگەرە تەزیووەکان، مۆڵگایەکی دورو درێژ بوو، بەچوار دەوریدا دەیان سەنگەر هەبوو، یەک یەک و دوو دوو پیاوە پۆشاک خاکیەکانی تێدبوو، لوولەی چەکەکانیان لەسەر لێوی سەنگەرەکان بوو، چاوەکانیان لەسەر سێرەی تفەنگەکانیان بوو، چاوەڕێی هاتنی دووژمن بوون، پەڵە هەورێکی ڕەشی پایزی سەنگەرەکانی داپۆشی، ئاسمان ڕەش داگیرسا، چەخماغەی هەورەکان دەستی پێکرد، لێزمەی بەخۆڕیی باران، باری بەسەر پیاوە خاکی پۆشەکاندا،سەنگەر وچەپەرەکان پڕ بوون لەئاوی باراناو، ئەژنۆو قاچەکان قوڕاوی بوون، سەرتاپاو جەستەی پیاوەکان لەئاودا نقووم بوو، لەولاشەوە تۆپەکانی دووژمن کەوتنەبارین، هەر شوێنێک وسەنگەرێک دڵۆپێک بارانی تێچوو بێ، تۆپێکیشی تێ دەچوو، ئاسمان وزەوی زۆر بێڕەحمانە تووڕەیی خۆیان دەباراند بەسەر پیاوە ئازاو خاکی پۆشەکاندا، دوای چەند ساتێک دەمی گەرمی تۆپەکان وەستان، هێرش لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەستی پێکرد، پیاوی ناو سەنگەرە قوڕاوییەکان باکیان لەڕەهێڵەی باران ولەبارینی تۆپەکان نەبوو، چەندین هێرشی یەک لەدوای یەک تێشکێنران، پەلە پیتکەکان وسیما ماندووەکان، چاوە تیژەکان، نەیانهێشت یەک سەنگەر بڕوخێ یان بگیرێ، دوای چەند ساتێک دەمی هاروشێتی تۆپەکان کەوتنەوە ئاگر بارانکردنی سەنگەرەکان، خۆریش لەترسی ڕەشە باو پارچەی گەرمی تۆپەکان دەیوویست خۆی ڕزگار بکات، دنیا  تاریک داهات، خوین و قوڕ تێکڵاویەک بوون، سێڵاوی ئاو خوێن ئاوێتەی یەک بوون وبەزەویدا ڕۆ چوون.
چەند پێشمەرگەیەکی ناو سەنگەرە قوڕاویەکان زامدار کران.
بەهۆی بارینی ڕاجیمە وتۆپە نەعلەتیەکان، بڕیاری پاشە کشێ درا، سەنگەرەکان کورەی ئاگر بوون، تەنها پێشمەرگە دەیتوانی لەو ناو مەنجەنیقەداخۆی ڕاگرێ، زامدارەکان لەکۆڵکران، چەکەکانی زامدارەکان کرانە باوەش، خاکی پۆشێک چووە سەنگەرەکەی عومەر سوور زۆر بەخراپی زامدار کرا بوو ووتی: هاوڕێ گیان وەرە کۆڵم بارزگارت بکەم و بگەینە هاوڕێکانمان.
خاکی پۆشی زامدار ووتی: هاوڕێ گیان منت بۆ دەرناکرێ بڕۆ خۆت وهاوڕێکانت لەمەرگ ڕزگار بن.
هاوڕێکەی ووتی: من بێ تۆ یەک هەنگاو نارۆم، وەرە کۆڵم.
بەڵام خاکی پۆشی زامدار
ووتی: هاوڕێ گیان توخوا بڕۆ خۆت ڕزگار بکە تەنها تۆ لێرە ماویت، تۆ بڕۆ من تەقە دەکەم تا تۆ دەردەچیت، دەبڕۆ هاوڕێ گیان، ئەوە هێرش دەستی پێکردەوە.
خاکی پۆشەکەی هاوڕێی ووتی:بێ تۆ نارۆم توخوا خێرا وەرە کۆڵم.
هاوڕێی خۆم هەردووک قاچم شکاوە دەستێکم شکاوە،منت بۆڕزگار ناکرێ توخوا بڕۆ تو گۆڕی شەهیدان برۆ، بابەهۆی منەوە تۆشەهید نەبی.
چەند ساتێک گفتووگۆ کرا.خاکی پۆشی زامدار قەناعەتی بەهاوڕێکەی کردکەبڕاوت، هاوڕێکەی بەگریانەوە بەرەو ئەودیووی شاخەکە ڕۆیشت وڕزگاری بوو، هێرشی دووژمن دەستی پێکرد خاکی پۆشی زامداریش بەدوو تفەنگ تەقەی دەکرد، یەک فیشەکی بەخەسار نەدەچوو، چەند مەترێکی مابوو دوژمن بگاتە ناو سەنگەرەکان، عومەرە سووور تەمەشایەکی لای ڕاستی کرد تەرمی فایەق و عەتای بینی.
ووتی:هاوڕکانم منیش دوای چەند ساتێکی تر دەگەم بەڕۆحی ئێوە.
فیشەک لەناو مەخزەنەکانیدا نەمابوو، دوژمنیش چەند مەترێکی مابوو بۆناوسەنگەرەکان، گرێکی سوور لەسەنگەرەکەی بەرز بووە، ڕۆیشت بەئاسماندا، تەقە لەسەنگەری خاکی پۆشەکان کۆتایی هات، دوای چەند ساتێک پۆستاڵ لەپێکان گەیشتنە ناو سەنگەرەکان. چەند سەربازێکی ڕقاوی تەرمی عەتاو فایەق وعوومەر سووریان ڕاکێشاو خلیان کردنەوە بۆ خوار ڕەبایەکە، لەگەڵ هاتنی سەربازەکان بۆ ناوڕەبایەکە باران ودەنگی تۆپەکان کۆتایی هات تاریکیەکی ڕەشی قەترانی باڵی کێشا بەسەر چیا خوێناویەکەدا، هەموو ساڵێک لەئێوارەیەکی خۆر ئاوا بووندا، سێ هەڵۆی باڵ سپی دێنە ئاسمانی زینوی سپی، چەند جارێک خول دەخۆن ودوایش ماچبارانی سەنگەرە ڕووخاوەکان دەکەن ودوای ماوەیەک دەگەڕێنەوە بۆلای فریشتەکانی خودا.
تەمێکی سووری پایزی، زینوی سپی کرد.
بەزینووی خوێناوی.
ڕۆحی عومەرە سوور وعەتا فایەق شاد بێ، لەزینوی سپی خوێناوی شەهید بوون!لەڕۆژی28-11-1987هەرسێکیان لەشاخی زینوی سپی نزیک زەرون شەهید بوون، بەداخەوە تەرمی پیرۆزی شەهید عومەر جێماو ئێستا جەستەو گڵکۆی دیار نیە.








# بیرکردنەوەی نیشتیمانیانە، لە لێوارەکانی هەرەسدا

ئەحمەد حەمەساڵح

بۆ ئەوەی بە شێوازێکی درووست و زانستیانە لە بیرکردنەوە بدوێین، سەرەتا پێویستە وەک بیرخستنەوە ئەوە بزانین، کەلۆژیک وا پێناسە کراوە کە زانستی بیرکردنەوەیە، جا بیرکردنەوە بۆ هەر بابەت و لە هەر بوار و مەسەلەیەکدا بێت، لێرە پێویستە ئەوەش بڵێین، کە لۆژیک ئەو دەربرینە ژیرانە شرۆڤەکاریانەیە، کە لەلایەن کەسێکەوە یان گروپێکەوە دەوترێت، کە لەگەڵ توانا و هۆشوو بیر و ژیری مرۆڤ(ئەقل و مەنتیق)بگونجێت، لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کەبۆ ئاراستەکردنی هەرپرسیارێک و وەڵامدانەوەی ژیرانەی پرسیارەکانیش پێویستمان بە بیرکردنەوەی زانستیانەیە، کەواتا لۆژیک یان لۆجیک لە چالاکییە ژیربێژییەکاندا شێوازەکان، جیاوازییەکان و بیانووکان، بەبەڵگەهێنانەوە تاوتوێ دەکا، وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە کام شێواز، یان ڕێگەو ئەگەر، زانستی و باش و گونجاوە ، هەربۆیە دەکرێت بڵێین لۆژیک لە پێناو گەشەو پێشکەوتن و بنیاتناندا، سۆراغکاری و هەڵهێنجانە، دەکرێ بڵێین لۆژیک لە پێناو دۆزینەوەی ڕاستییەکان و باشییەکاندا چەشنێک لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەشە.

لۆژیک لە ژیربێژی و ژێرکرداریدا، ئەوگەڕان و لێکۆڵینەوانەیە،کە لە ئەنجامی تێرامان و لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆرەوە بەدەست دێت، لەڕێگای فکر ومێشکەوە بە بوونی بەڵگەوە، هەڵسەنگاندن بۆ بابەتەکان و دیاریکردنی شێوازە ڕاست و ڕێکوپێک و چاکەکان دەکات، وەک لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە، لە بیرکردنەوەوە دوو دەرئەنجامی بەدەست دێت.

١/ ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک، قبوڵکراو بێت، واتا پێچەوانەی یاساو زانست و ژیان و سروشت نییە، بابەتە قبوڵکراوەکان، هێندە مەنتقیان تیایە، بەردەوام کەسی بەرامبەر خۆشحاڵ و ڕازی دەکات، لەهەر بوار وکایەیەکدا، بیرکردنەوە، لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکارییەکانی هەر لایەن یان پێشەنگێک بۆ چارەسەرکردن بەڵگەی ڕوون و بەرچاو بخاتە بەردەست ئەوە ئەو کەس و لایەنە خاوەن فکرێکی لۆژیکییە.

٢/ ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک، قبوڵکراو نەبێت، واتا پێچەوانەی هەمووو یاسا و زانستەکان و خۆشگوزەرانییەکانی ژیان و سروشتە، بەداخەوە وەک لای خۆمان، کەڕێژەیەکی زۆر لە کاربەدەست و دەسترۆیشتوان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکان، لەم خاڵی دووهەمەن، هیچ بەڵگە و بیانوویەکیان بۆ بوونی ئەو هەمووو نادادی و نائارامییە پێنییە، کە دژە لەگەڵ کۆی زانست و یاساکانی خاک و خەڵک ویستی، کێشەکە لێرەدایە، کە هەمووو خۆیان پێ ڕاستە و وادەزانن لۆژیکیان پێیە و حەقی موطڵەق لای ئەوانە هەر بۆیە بە بڕوابەخۆبوونەوە، دژایەتی و ململانێی ناپێویست و نەشیاو نادرووست دەکەن، و بڕوایان وایە کە ئەو زانست و یاسا و بیرکردنەوانەش، کەخزمەت بەئەوان ناکات پووچە نا مەنتقین.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین،کە هەندێ کە سە بە تایبەت بەرژەوەندخواز و زاڵخواز و خۆسەپێنەکان، بەهەڵەبردن و هەڵە لۆژیکییەکان بە ئەنقەست و بۆ مەبەستی تایبەت ئەنجام دەدەن، بەکورتی فریودان یان قەناعەت پێهێنانی بەرامبەر لە ڕێگەی فێڵکردنەوە، کتومت وەک ئەم ڕەوشە نالۆژیکەی لە مەڕ ئێمە، کە لەفراوان بوونی بازنەکانی خێڵگەرایی، بنەماڵەگەرایی، ناوچەگەرایی و تاقمگەراییەکانەوە، توانا و بەکردارکردنی بیرکردنەوە نیشتیمانییەکان سنووردارکراون.

بیرکردنەوە خۆی لە خۆیدا چەمکێکی گشتگیری بایەخدارە، چونکە لەو ڕێگایەوە ڕێگا ڕاست و دروستەکان ئەدۆزرێنەوە، بیرکردنەوە گۆمێکی هێندە قوڵە تا ئاستێک کە ڕوانینی بۆنیە، لەم گۆمە قوڵەدا مەلەوانی چالاک ئەو کارەکتەرانەن کە بە وەرە بەرزی و سود گەیاندنەوە لێی دێنە دەرەوە، لێرەدا قسەمان لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی و ڕۆشنبیرییەکانە، کە کارەکتەرە دەسرۆیشتووەکان لە بازنەی بەرژەوەندخوازیاندا، مەودا بە مێشکی خۆیان نادەن لە ماندوێتی خۆنواندن، خۆپەرستی، خۆخۆری ڕزگاریان بێت و کەمێک لە پێناو ئێستاو ئایندەی نیشتیماندا بیربکەنەوە، و لە دونیایەکی کراوە و لە نێو چەمکی هاوڵاتیبوون و نیشتیمانیبووندا خۆیان بدۆزنەوە و چاو لە وڵاتە گەشەسەندووەکان بکەن، کە چ ڕۆژگار و دوارۆژێکی پرشنگداریان بۆ نەتەوە و نیشتیمانەکەیان دەستەبەرکردوە.

بێگومان ئەو بەناو پێشەنگانەی لە پێناو بنیاتنانی نیشتیمان بیرناکەنەوە، ئەگەر بە ڕاستی و دوور لە خۆخەڵەتاندن خوێندنەوەیەک بۆ خۆیان بکەن، دەبینن بەردەوام لە گوماندان، بەرەقی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریان دەکەن و هەلیت و پڵیت دەدەن بەسەریەکدا و کاری دزێو وناشیاو ئەنجام دەدەن و ناهۆشیارانە هەڵسوکەت لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەن، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە کلتورو ڕەوشت و نەریتە باشەکان لە بیربکەن و بەردەوام لە نێو بازنەکانی ترس و هەڕەشە و گومان و چەواشەکاریدا ماونەتەوە، لە دەرئەنجامی چاو تێبرین و چاو سورکردنەوە و چاو تێرنەبونەکانیان ئەو جۆرە کارەکتەرانە دەبنە بەدناوێک و لە مێژوودا نەفرەتیان لێدەکرێت..

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە زانستی بیرکردنەوەی سیاسیانە بریتیە لەتاقیکردنەوە، خۆڕێکخستن، خۆڕاستکردنەوە و خۆگونجاندن، دیاریکردنی کارو شێوازی شیاو بۆ بەرژەوەندی گشتی، دۆزینەوەی ڕێگاکانی چارەسەر، پێداچونەوە و لێکۆڵینەوە، ئەمەش لە بیرکردنەوەیەکی ڕاست و درووست و زانستیانەوە، دەبێتە کارێکی پەسەند و بەرهەمدار..

دوا ووتە، لەو دەروازەیەوە، لە بانەی فاکتەرە ناوخۆییەکانەوە،دەمەوێت راتانکێشم بۆ بەراودکارییەکان، کە بەدرێژایی مێژوو، هۆکاری سەرنەکەوتن بون و دەبن، لێرەدا زۆر بە کورتی دەڵێین: لە سەردەمە جیاوازەکاندا لەبری بیرکردنەوە لە یەکڕیزی نیشتیمانی، بەردەوامی دراوە بە وابەستەیەکانی ئەملاولا، ئەمەش لەلایەک خیانەتی نیشتیمانی و لە لایەکی تریشەوە چەواشەکاری لێکەوتەوە، لەبری هۆشیاری نیشتیمانیش بەردەوامی دراوە بە ڕۆحیەتە سالارێتیەکان، لە بری پەروەردە و ئاوەدانی و بنیاتنانیش، لە گوتارەکانی شەڕی یەکتر سڕینەوەدا درێژە درا بە دژایەتیە ناوخۆییەکان، تا کار گەیشتە کەڵەکەبونی قەیرانەکان و بەردەوامی چەواشەکارییەکان ومەترسیەکانی ئاسایشی خاک و ئاو و خۆراک، ئەمە ڕەوشە نالۆژیکیەکەیە، کەبەداخەوە لە نەبوونی بیرکردنەوەیەکی بەرهەمداری نیشتیمانیانەوە ڕوبەڕوی هەرەسی ئیرادە و شکاندنی شکۆی تاک و ئاشبەتاڵی بیری نیشتیمانی بووینەتەوە.



# گوڵەکـانی ( ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی )

## وەرگێڕانی : عومەر مەحمود پیرۆت



یەکێک لە جــوانترین چیرۆکەکان ، کە لەژیانی شاعیری مەزنی ڕوسی ( ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی ) دا ڕویداوە ، لەو کاتەوە دەسپێدەکات کە لەپاریس گیرۆدەی خۆشەویستی ( تاتیانا یاکوڤلیڤا )بوو .

هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوان (مایاکۆڤسکی) ی شاعیر و( تاتیانا) دا نەبوو .

ئاخر ئەو لەکوێ و ئەم لەکوێ !

ئەو کچە کۆچبەرێکی ڕوسی نەرم و نیان ،

لەسەر خۆشەویستی پۆشکین و تۆتچیف پەروەردە کراوە .

ئەو شاعیرێکی شۆڕشگێڕی تورەو هەڵچوو .

تاتیانا یەک ووشەشی لە شیعرە ڕەق و زبرەکانی ئەو شاعیرە یاخیە بەناوبانگەی پێ قبوڵ نەدەکرا ، کە لەوڵاتی سۆڤیەتدا وەک (بەستەڵەکشکێن ) وابوون .

تەنانەت لەژیانی ڕاستەقینەشیدا یەک ووشەی لە ووشەکانی ئەوی پێ خۆش نەبووە و چێژی لێ نەبینیوە .

ئەو تورەو سەرکێش و ئەم نازدارو نەرم و نیان .

(مایاکۆڤسکی ) ڕاست و ڕەوان ئەوە دەکات کەدەیڵێ و سڵ لەهیچ ناکاتەوە .

ئەمە وای لە ( تاتیانا ) دەکرد لەو سۆزو حەزە سەرکێشیانەی بترسێ .

وەفاداریە سەگ ئاساکەی (مایاکۆڤسکی) هیچی لەودا نەجوڵاند .

ناوبانگ و شکۆ داریەکەی سەرنجی ئەوی ڕانەکێشا.

دڵی بەڵای ئەودا نەشکایەو گوێی پێ نەدا .

بۆیە مایاکۆ ڤسکی بێهیواو تاک و تەنها بەتێکشکاوی ، گەڕایەوە مۆسکۆ .

ئەو خۆشەویستیەی لەدڵیدا کڵپەی سەندبوو ، گڕی بەردابۆ هەناوی و لەناخەوە دەیسوتاند ، بێ ئەوەی (تاتیانا) ئاوڕێکیشی لێبداتەوە .

تەنها خەمێکی قوڵی لەناخیدا جێهێشت .

یەکێ لە جوانترین شیعرەکانی بەناوبنیشانی

( نامەیەک بۆ تاتیانا یاکۆڤلیڤا ) ی بۆ ئێمە جێهێشتووە ، لەگەڵ چەند وشەیەکی جوان:

[ هەرچۆنێک بێ هەر دەتبەم ، بەتەنیا یان بەپاریسەوە ]

بەڵام بۆ ئەو گوڵی جێهێشت.

یان وردتر بڵێین چەپکە گوڵەکان .

ڤلادیمیر مایکۆڤسکی هەموو ئەو پارانەی لە بەرامبەر گەشتە شیعریەکانی بە سەرتاپای پاریسدا بەدەستی هێنابوو ، خستیە سەر هەژماری کۆمپانیایەکی گوڵ فرۆشتن بەمەرجی ئەوەی لەهەفتەیەکدا چەندین جار جوانترین و نایابترین چەپکە گوڵ بۆ (تاتانیا یاکوڤلیڤا) بەناوی ئەووەوە بنێرن .

گوڵی کوبی ، وەنەوشەیی ، ڕەش ، ئۆرکیدا ، بەیبون و چەندین گوڵی تر...

کۆمپانیا ناوداره فەڕەنسیەکەش بەوردی داواکاریەکانی کریارە چەورەکەی جێبەجێکرد .

لەو ڕۆژەوەو بێ لەبەر چاوگرتنی بارو دۆخی کەش و هەواو وەرزەکان ، ساڵ دوای ساڵ نێردراوەکانی کۆمپانیا لەدەرگای ( تاتیانا یاکوڤلیڤا) یان دەدا بەچەپکە گوڵێکی سەرنجراکێشەوە لەگەڵ وتەیەک کە هەرگیز نەگۆڕا :

( لە مایاکۆڤسکییەوە).

لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا (مایاکۆڤسکی ) چیتر بەرگەی ئەو گڕکانەی ناخی نەگرت .

ئەوەبوو لە ١٤-٤-١٩٣٠ خۆی کوشت .

خۆ پێشتریش گوتبوی ئەگەر نەتوانم جارێکی تر تاتیانا ببینم ، خۆم دەکوژم .

هەواڵی مردنەکەی تاتانیای بەجارێک هەژاند .

ئاخر وا ڕاهاتبوو مایکۆڤسکی بەردەوام خۆی بکا بەژیانیدا .

خوی بەوەوە گرتبوو ، کە مایاکۆڤسکیێ لە شوێنێکە و چەپکە گوڵی بۆ دەنێرێ .

ئەوان هەرگیز بەیەک نەگەیشتبون .

بەڵام بونی ئەو مرۆڤەی بەو ڕادەیە عاشقی بووەو خۆشی دەوێ ، ڕاستییەک بوو کاریگەری لەسەر هەموو ئەوە جێهێشتبوو کە لەژیانیدا ڕوی دەدا .

هەروەک چۆن مانگ بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری خۆی لە سەر هەموو بونەوەرەکان دادەنێ ، لەبەرئەوەی بەردەوام لەگەڵیانە و بەدەوریاندا دەسوڕێ .

( تاتیانا ) نەیدەزانی چۆن ژیانی دواتری بەبێ ئەو خۆشەویستیە مەزن و شێتەی کە دزەی کردۆتە ناو چەپکە گوڵەکانیش بژیت و بەسەر بەرێ .

بەڵام ئەو گرێبەستەی شاعیر لەگەڵ کۆمپانیای گوڵەکان واژۆی کردبوو ، هیچ ئاماژەو تەنانەت ووشەیەکیشی دەربارەی مردن تێدا نەبوو.

بۆیە یەکەم ڕۆژی دوای مردنی مایاکۆڤسکی ، نێردراوی کۆمپانیای گوڵفرۆش بەچەپکێ گوڵەوە هات لەگەڵ ووتەیەک کە هەرگیز نەگۆڕا ( لە مایاکۆڤسکییەوە) .

دەڵێن خۆشەویستی ڕاستەقینەو مەزن لەمردن بەهێزترە .

بەڵام هەموو کەسێ نەیتوانیوە لەسەر زەمینی واقیع ئەوە بەرجەستە بکات و بسەلمێنێ .

مایاکۆڤسکی ئەوەی بەرجەستەکردو سەلماندی .

هێنانی چەپکە گوڵەکان بۆ ( یاکوڤلیڤا ) لە ساڵی ١٩٣٠ لەکاتی مردنی مایکۆڤسکی و لە ساڵی ١٩٤٠ و دوای بیرچونەوەشی بەردەوام بوو.

لەساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا کە ئەڵمانەکان فەرەنسایان داگیر کرد ( تاتیانا ) لەڕێگەی فرۆشتنی چەپکە گوڵە گرانبەهاکان لەیەکێ لەپارکەکانی پاریس توانی ڕزگاری بێت و ئەو دۆخە نەبونی و نەداریە تێپەڕێنێ .

ئەگەر هەر گوڵێک وەک ووشەی ( خۆشم دەوێی ) بوبێ ئەوا ووشەکانی مایاکۆڤسکی توانییان (تاتیانا ) لە (مردن لە برسان) ڕزگار بکەن .

دواتر هاوپەیمانان پاریسیان ڕزگارکرد.

دواتریش( تاتیانا ) لەگەڵ خەڵکی لەخۆشیان دەستیکرد بەگریان کاتێک هێزەکانی سۆڤیەت چونە ناو بەرلینەوە.

بەڵام چەپکە گوڵەکان هەر بەردەوام بوون و دەهاتن .

ئەوانەی چەپکە گوڵەکانیان دێنا بە بەرچاویەوە گەورە دەبوون .

گەنجی تر شوێنیان دەگرتنەوە.

ئەم گوڵ هێنەرە نوێیانە دەیانزانی دەبنە بەشێک لەداستانێکی مەزن .

بەشێکی بچوک ، بەڵام ڕاستەقینە.

دەهاتن و ووتە بەناوبانگەکەیان دەگوت ، وەک ئەوەی ووشەی نهێنی بێت.

بەزەردەخەنەیەکەوە وەک ئەوەی لەگەڵ مایاکۆڤسکی لەپیلانگێڕییەکدا بن دەیانگوت

[ لەمایاکۆڤسکییەوە].

گوڵەکانی مایاکۆڤسکی بوون بە چیرۆکێکی پاریسی .

ئایا ئەمە ڕاستی بوو یان تەنها چیرۆکێکی سەرنجراکێش وجیاوازو جوان ؟

ئەندازیاری سۆڤیەتی ( ئەرکادی ڕیڤیلین ) کە ئەم چیرۆکەی بەمنداڵی لەدایکی بیستبوو ،سەردانی پاریسی کرد .

(تاتیانا یاکوڤلیڤا ) ، بەسنگی فراوانەوە لەماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لێکرد .

لەسەر چا خواردنەوە باسی هەموو شتێکیان کرد .

چەپکە گوڵەکان هەموو شوێنێکی ئەم ماڵە جوانەیان هێندەی تر ڕازاندبووەوە.

وەک ڕێزێک بۆ ئەو داستانەو ،بەجوانیشی نەزانی پرسیاری سەرکێشیە سۆزداریەکان لەو ژنە بەتەمەنە بکات ، کە وەک شاژنێکی تاج لەسەر دەردەکەوت. بەڵام خۆی پێنەگیراو ئارامی لەبەربڕاو پرسیاری لێکرد :

ئەو چیرۆکە ڕاستەقینەیە کە خەڵکی دەیگێڕنەوە و دەڵێن گوڵەکانی مایاکۆڤسکی لەکاتی شەڕدا ڕزگاریان کردووی ؟

یان تەنها چیرۆکێکی جیاوازو جوانە؟

ئەقڵ دەیگرێ ئەم هەموو ساڵە بێ پسانەوە بەردەوام بوو بن لە چەپکە گوڵ هێنان؟

تاتیانا وەڵامی دایەوە:

چایەکەت بخۆوە ، دەی چایەکەت بخۆوە . هەرچۆنێ بێت خۆ تۆ پەلەت نیە لەڕۆیشتن. وانیە ؟

ئا لەو کاتەدا زەنگی دەرگاکە لێیدا.

لەژیانیدا چەپکە گوڵی ئاوا جوان و ڕازاوەی نەدیتبوو.

لەپشتیەوە ئەو گەنجە دیار نەبوو کە هەڵیگرتبوو.

چەپکێ لەگوڵی بەیبون ، هەر لە تۆپەڵێک ( لە خۆر ) دەچوو.

لەپشت ئەو چەپکە خۆرەوە

دەنگێکی زۆر دڵگیرو سەرنجراکێش

گوتی : لەمایاکۆڤسکییەوە.

## سەبری عەزیزان
### عطا محمد(عطای کلاسیک)

ئەی جامی لەمەڕ میهری خودا، میهری عەزیزان
کوا نوونی لەسەر قیسمەتی دڵ، قەدری عەزیزان
جەولانی ئەگەر بەرزەخە یا دۆزەخی مەحبووب
وەک نارە لەئەحواڵم من و بەدری عەزیزان
کفریکە نەهاتیکە، لەکاڵاو سەرو گەردم
وەیلا لەهەمووو وەعدەیی دڵ کەسری عەزیزان
نەشریکە بەوەهمێکی لەعوزرێکی ئەیازم
قەدریکە لەمەحموودم، بەرودەری عەزیزان
پاییز کەئەگەر خەندەیکی نایە بەدڵدا
مەعزووره لەسەر یەعنی سەروئەمری عەزیزان
عیشقێکی دڵ و چارە، کەدڵنەوازی من بێ
کوا قاپی قوبادێکن، مەگەر سەبری عەزیزان
میهنازی نەکا بەندەنی دڵ، قیبلەبێ خاڵی
باوەشتی نەما تەرکە، بەبێ هەوری عەزیزان
بێ شەرم و حەیا نییە، ئەگەر بەچەیی بابول
بولبول کەدەبێ ترسی، لەبەر جەوری عزیزان.





## پەڵەی بێ پەڵە
### ستار محەمەد

بەڵێ هەرچەند ئەم پایزە
پەڵەی خستە کۆتایی ساڵ
بەڵام هیوای گەڕاندەوە
بۆ کێڵگەو خەرمانی بەتاڵ
نم نم ماچی نەرمەباران
خوناوەکەی نیشتە گۆنەی ئاڵ
گەواڵان تێکیان ڕاخوڕی و
ئاسمان کردی بە گاڵەگاڵ
زەنگوڵ زەنگوڵ ئاوێزانە
بە ناو کەزیەی خاوو خزی
هەرچی جوانی پایز هەیە
بە ڕێژنە بارانێ دزی
بەسەر شان و لاملی دا
تونکەتونکە هەڵنیشتووە
لەو گەردنە ساف و لوسە
سەد شکۆفەی جێهێشتووە
بۆ ختوکەی ناو باخەڵی
تنۆک تنۆک قەتارەی بەست
شوێنێ نەما نەیخوسێنێ
بە ڕاموسانی پەنجەی هەست
هۆ ڕەشتاڵە چاو مەستەکەم
تابلۆی تەڕی هەڵبەستەکەم
لای خۆمەوە وا هەستەکەم
بەژنت بۆتە نەیلوفەرو
باڵات شەڵاڵی بارانە
بە هەق پەڵەی بێ پەڵەیەو
لە فەزڵی فەیزی یەزدانە

''''''''''''''''''''''''''''''


نەیلوفەر : گوڵێکە لە بنی گۆماوەکان و ناو لیتەی تەنکاوی ڕۆخ دەریاچەکانا ئەڕوێت و لە ڕۆژدا بەرز ئەبێتەوە بۆ سەر ئاستی رووی ئاوەکە تا خۆری لێ دەرئەکەوێت ، چەند ڕەنگێکی هەیە کە دیارترینیان پەمەیی و ئەرخەوانیە
ڕەشتاڵە : ئەسمەرێکی خوێن شیرین.



## قەڵەمی دەربار
### ڕەووف ئالانی

جادووی بێخێر، کڕنۆش
بۆ دەستی نوقاوی
ستەمکار،
دەمی دەکاتە لمۆزی
پڕ فیشکەی پاڕانەوە.
چاو کز،
پەنجە تیرۆک،
دەستەمۆی دەستی
پاشایە،
خەون زڕاو، کاسە ڕژاو
خامە شکاو
سەرکزۆڵ ، چاوقایم
تەشی ڕێسی،
پێچ و پەنای بادانەوە.
هیچ کەس گرێی، ڕسوابوونی
نەفرەتلێکراوی دەستی
پڕ لە ژەهری
ئابڕووتکاو، بۆ قەڵەمی
دەرباربوویەک، ناکاتەوە.
پەندی ڕۆژگار، وەک بەرداش
دەیهاڕێت و ئەویش
بێخەم، ئاوڕێک
لەخۆی ناداتەوە.





# خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەنجامی سەرژمێری هەرێم بەراورد بە عێراق؟










ڕۆژی ٢٥ی ١١ی ٢٠٢٤، ئەنجامی سەرژمێریە مێژوویەکەی عێراق و هەرێم ئاشکراکرا، بەشی بەدواداچون و لێکۆڵینەوەی "زەمەن" ئەم بەراودکاریە گرنگەتان بۆدەخاتە ڕوو.

یەکەم: پێشتر دامەزراوەی میدیای "زەمەن" زانیاری ئەوەی هەبوو کە بەشی هەرە سەرەکی نیگەرانی حکومەتی هەرێم لەوەبوو کە پێشبینیان دەکرد ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بۆ خوار ١٠%ی کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق دابەزێت، بەڵام خۆشبەختانە وانەبوو ئێستا ١٤.٣%یەو ئەو خەمەمان ڕەویەوە و بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵانەو هەروەها بەشە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و هەر پارەیەکیش کە لە دەرەوەی وەربگیرێت بۆ عێراق، بەشی هەرێم زیاددەکات.

دووەم: بەپێی ئەنجامەکانی سەرژمێریەکە، لەهەرێمی کوردستان یەك ملیۆن و ٣٧٩ هەزار خێزان هەیە ، بەڵام دوو ملیۆن و ٢٤ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی وەك خانو شوقە هەیە، واتە ئێمە بۆهەر خێزانێك نزیکەی خانوو و نیوێکی بەر ئەکەوێت، کە ئەمە کێشەی نیشتەجێبون بە ئاستێکی باش چارەسەر دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە لە عێراق بۆهەر خێزانێك یەك خانویان هەیە.

سێیەم: خاڵێکی تر کە ئەمەیان هەندێك نێگەتیڤە واتە باش نیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێژەی دانیشتوانی سەرووی تەمەنی 65 ساڵ و سەرووتر ٤.٤% واتە بەتەمەنەکان، بەڵام لە پارێزگاکانی عێراق ڕێژەی دانیشتوانی سەرووی تەمەنی 65 ساڵ و سەرووتر: ٣.٥%ە. بەمانای ئەوەی کە ڕێژەی پیرو بەتەمەن لە کوردستان هەندێك زیاترە لە پارێزگاکانی عێراق.

چوارەم: تێکڕای قەبارەی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان ٤.٣ تاکە، بەڵام لە پارێزگاکانی عێراق تێکڕای قەبارەی خێزانەکان بە ٥.٣ ڕاگەیەنراوە، تەبعەن ئەو ٥.٣ بەهەرێمی کوردستانیشەوە، کە ئەگەر هەرێمی لێدەرکەیت خۆیان بەرەوژوری ٦ کەسن بە تێکڕا.

پێنجەم: خاڵێکی تر کە ئەمەشیان باش نیە بۆ هەرێمی کوردستان ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین کە خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین لەهەرێم: ١٦%یە بەڵام لە عێراق لە: ٢٩.٧%ە. واتە هەرێم زیاتر لە عێراق کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پشتگوێخستووە، کە ڕوونە کشتوکاڵ پایەیەکی هەرە گرنگی شادەماری ئابوری هەموو وڵاتێکە.

شەشەم: خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش کە دیسان ئەمەش نێگەتیڤە بۆ هەرێم تێکڕای تەمەنی خوار ١٥ ساڵ لای خۆمان لە ٣١.٩%یە بەڵام لە پارێزگاکانی عێراق ٣٦.١%یە بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەڵام ئەگەر هەرێمی لێدەرکەیت، بە ئەکیدی لە عێراق ئەبێت بە ٤٠% هەروەها ڕێژەی تەمەنی ١٥ بۆ ٦٤ ساڵ لە هەرێم کەمترە لە عێراق و لە عێراق زۆرترە، واتە بەگشتی ئەوان کەمێك گەنجیان زۆرترە.

سایتی زەمەن



## بەختیار شارەزوری



تەزیم لە ژێر بارینی شەختەی غەریبیدا.
بەختیار نامیق
تەزیم لە ژێر بارینی شەختەی غەریبیدا
بمبەنەوە بۆ نیشتمان
با کەمێک گەرمم ببێتەوە
بە ژیان بڵێن لە وێستگەی
گوندە خاپورکراوەکە دابەزین هەیە
تا کەمێک لە سەرگوزشتەکانی خۆڵ بخوێنمەوە
با بزانم قورِ چ تەفسیرێکی هەیە بۆ مەنفا
دامبەزێنن
چیتر من سەر بەم بەستەڵەکانە نیم
منێک بەیانیان بە هەڵمی ئاوی گوند
شیعری تەڕم دەنوسی
بە خەتی لارولەوێری شەپۆلەکان
لەسەر دیواری کەلاوەکان دەمنوسی:
چەند جوانە نیشتمانی ئاویی من
من سەر بەم ئاشوبی ڕۆبۆرتانە نیم
منێک بەیانیان لەسەرەی نانی گەرمدا
وێنەی دەیان پێغەمبەرم بە هەڵمی نان دەکێشا
دەیان ئایەتی گوڵاویم لە (لەبادێک)دا دەدۆزیەوە
بمخەنە خوارەوە
با بە خۆم و پەڕەشوتەکەمەوە
بکەومە ناو ڕوبارێک
کەنارەکانی پڕبێت لەبۆنی پونگە و هێلکەی کوڵەفرە
پڕ ببم لە دەنگی قاز و قوڵن
من سەر بەم هۆزانە نیم
دزەکان هاتن نیشتمانیان لە ژێر پێم دەرهێنا
بە زۆر باڵیان لێڕواندم
سەفەریان پێ کردم بۆ سەرزەمینە دورەکان
نامۆم بەم ئایەتانە
من سەر بە ئایەتی گۆیژ و بەڵاڵوکی عەیارم
هاوڕێی کڵاوی بەڕو و چاوی ڕەشی ترێم
جاجمێکم خەتم کردوە
لەسەر بەردەنوێژی کەنار ، کانی گوند
گڵاوییم لە مێژوو دەرکردوە
من نامۆم بە یادەوەری ئێوە
بڵێم چی سەیری بورجی (ئیڤڵ) دەکەم
چاو بۆ کەڵەشێری گوند دەگێڕم
لە پەنجەرەی تەلارەکانی (مارین بیلاتز) چاو بۆ
شیرینێک دەگێڕم ، تەشی ڕێس بێت
لە شەقامەکانی (دامراک) چاو بۆ
ئاسکەکانی کانی ئاسکان دەگێڕم
بە (بیکادیلی )دا تێدەپەڕم چاو بۆ
قەرەچەکانی قەرەج ئاوا دەگێڕم
من سەر بە نەوەی سێبەری نیشتمانم
کە ڕاویاننام بۆ ئێرە
لە شەقامی (لاسفیگاس)دا
بۆ عەرەبانەی قاورمە دەگەڕام
دەمەوێ ئێوارانی(کارلساد)
بکەم بە کولێرە بە ڕۆنی گوندێک
لەوەتەی لێرەم سەرمامە
لەوەتەی لێرەم تینوم
لەوەتەی لێرەم برسیمە
هیچ شەوێک تێر نەخەوتوم.



# ڕەشبەڵەکی پەیڤی شیرین

## ستار ئەحمەد

کە شیعرێك دەخوێنمەوە ،گرنگ نییە بەچی ستایلێ نوسراوە ،یاخود سەر بەکام ڕێبازە جوانی شیعرەکە لەوەدایە ، ناخت بهەژێنی بەپێزو پڕماناو نەمربێت .. ،بە بۆچوونی من ئەوەیە شیعری نوێ،جونکە هەرکەسێ بەرهەمێکی زیندووی هەبیت بە زیندوویی دەمێنێتەوە .
لێرەدا دێمە سەر وەرگێڕێکی ماندوو نەناس ،پیرێکی لاو ،دڵسۆزێکی بزر ،خۆش مەحشەرێکی هێمن ڕەفتار ،ئەویش مامۆستا (محەمەد سابیر مەحموود)ە.کە نامیلکەیەکی شیعری بەناونیشانی زایەڵەی کۆچ)بەچاپ گەیاندووە ،ڕۆژنامەی (سێبەر )بەم کارە هەڵساوە ،حەزمکرد چەند ڕوونکردنەوەیەك لەسەر یەکێك لەشیعرەکانی بەناونیشانی (چەمەرانە) بخەمە ڕوو ،کەتێیدا دەڵێت :.

بەسەر شانی خەمتانەوە
بۆ رابوردووم گریانم دێ
لەناخەوە ئەتانبینم
ناڵەی دڵم بە گوێما دێ

کۆپلەیەکی ورشەدارو مانابەخش ، وەکوو گەردانەیەکی پرشنگدار پێکەوەگرێدراو ئاوازێ بەگوێمانا ئەدا ، لەزریوەی ئەو ئەستێرانە دەچێ.بەتامەزرۆیی لەتێو کانییەکی نیوەشەودا مەلەدەکەن ، سروەیەك بەناخت دەبەخشن.لەدەسپێکی خەمەکانی رابردووی دۆستانەوە هەتادەگات بەناخی شاعیر و زایەڵەی ژانێك وشەکان دادەگیرسێنن ،شاعیر دەخەنە باری حاڵلێهاتن ،سۆفی ئاسا بەئەشك گەردی سەردڵ و گوڵەکان دەشواتەوە:

کوورەی دەروونتان ئەجۆشێ
ژانەکانی بەگڕما دێ
کڵپەی ئاگرو دووکەڵی
هەناسەتان بەڕووما دێ

چەندخۆشە شاعیر،تەنها بیر لەکسپەی ئازاری خۆی نەکاتەوە ،بەڵکوو گڕی دەروونی بەرامبەر بەرامبەر سووتانی خۆی و شیعرەکانی بزانێت ،کێشەی کۆمەڵ تەنگی پێهەڵچنێ ،بەدوای سەرەداوو هەتوانی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵەدا پەروانە ئاسا شیلەی گڕو ئاگر هەڵمژێ .ڕەنگە زۆر کەس لەو بڕوایەدابن،کەهونەر بۆ هونەرە ، لەراستیدا شاعیر دەتوانێت ،لە دایکبوونی شیعرێکدا ئازارەکانی ناخی بەتاڵبکاتەوە،هیچ نەبێت بۆ تاوێك زامەکان وگرفتەکانی سارێژبن ،دیارە شاعیریش تاکێکی کۆمەڵەو کەرتیش دەکاتە گشت ،کەواتە زۆرجار شیعر چارەیە ،بۆ مەینەتی و هەندێ کێشەی دەروونی کۆمەڵ

دە فەکانتان ئەنرکێنن
دە هۆڵەکان گرمەیان دی
وەرزی بەهارم داخزا
واخەزانە بە دوایا دێ

دیارە تە مە ن بەرە و پیری پووکانەوە دەچێت.وەلێ شیعر وکۆپلەی شیرین.هەمیشە لەگەڵ ڕۆژگاردا دەژین.پیربوون و مردن نازانن.ئەم شیعرەی شاعیریش ڕەنگە بەم کورتە ڕوونکردنەوانە و خوێندنەوەیە بەهەموو کۆپلەکانیدا ڕانەگەم ،لەو بەرهەمانە یە ماوەیەکی زۆر دەژی،چێژوو بەرامەی دەمێنێ وەکوو مێخەك و عەنبەر هەردەم سەودا سەری خۆی هەیە ،چەمەرانەیەکە ئاوێزان بەلەزەتی شادی و دەنگی دڵ و مۆسیقا و مۆرکی کوردەواری دڵڕفێن .
وشەسازییەکی ناسك و جوان ..ڕەشبەڵەکی پەیڤی شیرین ،بەشێوەیەك دەکەونە سەر چۆپی و ئاهەنگێڕان و چەمەرانەی مەرگێك کە بەخشش و نەمری لە پاش خۆی بەجێدەهێڵێ، ماڵاوایی عومرێك ،ئەزموونێکی لە خۆگرتووە ، دەبێتە وانەو ئەویندارەکان دەیڵێنەوە،
دڵتەڕیی شاعیر لەوە دایە ،هەتا دواتەمەنی ئەشك لەدیدەیدا نابڕێت ،بۆ ئاودانی گوڵی بەهاری ئەو عاشقانەی بەتەمای بەستەی وەفا بۆ دڵخوازەکانیان بکەنە خەناوکەی عەشق و
وەکوو دیارییەکی بێوێنە ، لە یادەوەرییەکاندا سەمای مەرگی پێبڕازێننەوە.
شاعیر بەردەوام دەبێت تادەگاتە ئەوەی دەڵێت :.

ئەمن بەرەو نەمان دەچم
ئێوەن نەوەی تازە حەزێ
لێدەن دەرویشانە لێدەن
تادڵی گەرمم ئەتەزێ

تین لەدڵی شاعیر گەرموگوڕی لەهەنگاوەکانی جوێنابێتەوە تەنانەت بۆ پاش مەرگیش ،،پەیامی خۆی هەیە، دڵنیایە بەری ڕەنجی بەفیرۆ ناڕوات ،لە نێو تاسەو ئارەزووی ڕۆچۆنی تەمەن و ماڵاواییدا ورشەی ئارەزووی ئاسوودەیی لەدیدو دەروونی نابڕێ.مامۆستا محەمەد سابیر ،،هەر وەرگێڕێکی بەتوانا نەبوو بەڵکوو شاعیرو چیرۆکنووسیشە خەمخۆرێکی ئەم شارەیە
,هەرچەندە (ڕێزی زێر لای زەرەنگەرە)کوردیش میللەتێکە ..هەرگیز وەفاو بەخششی کەس لە یاد ناکات.

# بە سەرکردنەوەی تێکۆشەران

مێژوو سەروەرییەکان دەنوسێتەوە بێ ئەوەی بزانێ داهاتوو چی ڕودەدا ، لە قۆناغێکدا قوربانی دان بۆ ڕەوتێکی مێژووی لە ترۆپکدا بوە ، مێژوو وەک شانازی بۆ خۆی دەنوسێتەوە ، لەم دیدەوە کاک نزار( لەتیف ساڵح )یەکێکە لەو خاڵانەی دەکەوێتە سەر کۆی خاڵەکانی ئەو مێژووە ، تێکۆشەرێک پێشمەرگەیەک جێگەی متمانەی هاوڕێکانی بوە لە شاخ و شار هەر ئەرکێکی پێسپێردراوە بەو پەڕی دڵسۆزیەوە جێ بە جێی کردوە ،ماوەیەکیش لە دەزگای دارایی بوە .

ناوی تەواو/ لەتیف ساڵح ئەحمەد

لەدایک بووی/ ١ / ٧ / ١٩٤٨


ساڵی ١٩٥٢ هاتونەتە سلێمانی/ گەڕەکی مەڵکەندی

ساڵی ١٩٥٦ چوەتە حوجرە ، لەساڵی ١٩٦٣ مەعهەدی ئیسلامی لەمزگەوتی گەورەی سلێمانی تەواو کردوە ، کە وەک بڕوانامەی ١٢ ئامادەیی هەژمار دەکرا ، یەکیەتی قوتابیانی ئاینی دامەزرا پەیوەندی کردوە بوەتە ئەندام ، پاشان لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری پلەی پاڵیوراوی ساڵی ١٩٦٣ پێدراوە ، پاشان بوەتە پێشمەرگە ، ساڵی ١٩٦٤ جیابونەوە سەری هەڵدا باڵی م. س لە شۆڕش جیابونەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناوشار بەڵام هەڤاڵانی ڕێکخستی پێیان باشبو بچێتە کەرکوک تاساڵی ١٩٦٥ سەرتای ١٩٦٦ گەڕاوەتەوە سڵێمانی ساڵی ١٩٦٧ چوە بۆ سەربازی ، تاساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ بەیانی ١١ ی ئازار لەسەربازی بوە ، هەمان ساڵ بەر عافواتی باڵی م . س کراوەو چوەتەوە ناو پارتی لەهەمان ساڵدا کۆمەڵەی. م. ل. سەری هەڵدابو بەڵام زۆر نهێنی بو ساڵی ١٩٧٤ پێش ئەوەی مفاوەزاتی چوار ساڵە تێک بچێ بەخۆ شحاڵیەوە پە یوەندی کرد هەمان ساڵ شەڕ دەستی پێکردەوە ڕێکخەرەکە چوەدەرەوە دوای نسکۆ گەڕایەوە یەک دوو کۆبونەوەیان کرد ڕۆژیک لە سەرو مزگەوتی گەورەوە هەواڵ هات کە جاشێکی خۆفرۆش حمە سدیقی شەهید کردوە بێ ڕێکخەر ماونەتەوە ئەمان ژمارەیان بوە بە(١٥ ) کەس لەڕێکخستندا کەسیان نەدەناسی ساڵی ١٩٧٦ تازە مەفرەزەی سەرەتایی پەیدابوبو ، لەرێگەی هاوڕێ جوتیارەوە پاشان بڕیارێک لە کۆمیتەی شارەوە دەرچوبو ئەو کەسانەی ناوشار کەپەیوەندیان بەدەرەوەیە دەبێ بدرێنەوە بەشارەکان ، ڕۆژیک هاوڕي هەڵۆ ئەحمەد کوردە پێی ڕاگەیاند کەدراونەتەوە بەناوشار ، ماوەیەک ڕێکخەر بوە ، تەسلیمی هاوڕێ ( نەوزاد ئەحمەد)ی کراوە کەبە هاوڕێ دلاوەر دەناسرا دوای ئەویش هاوڕێ عەلی بوبە ڕێکخەر ، دوای ئەویش کاک خەسرەوئەحمەد هادی ناسرابە هاوڕێ مەریوان بوبە ڕێکخەر ساڵی ١٩٨٢ بەرزکراوەتەوە

بۆ ئەندامی ڕیکخراوی سلێمانی کراوە بە لێپرسراوی کەرتی شەهید وەستا ئەنوەر کە سنوری چالاکی کەرتەکە لەخانەقینەوە تاپێنجوێن بو ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە ڕێکخەری کەرتی شەهید ئەنوەر زۆراب لەپاڵ ئەوەشدا ڕیکخستنەکانیچوارتاو / کەناروێی پێ سپێردراوە ،کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پیشمەرگەی کوردوستانەوە کردوە ساڵی ١٩٨٥ بوەتە ئەندامی دەزگای دارایی ی. ن. ک تاساڵی ١٩٩٠ هەمان ساڵ بەبڕیاری سەرکردایەتی چوەتە هەندەران و لە نەمسا جێگیر بووەو خێزاندارەوە خاوەنی شەش منداڵەهیوای تەمەن درێژی و سەربەرزی و سەلامەتی بۆ ئەخوازین.

سەرکەوتی جیهاز

٩ی ١٢ی ٢٠٢٤
















# سەردار کێستەیی

1973هاتیە سەر دنیایێ
شەشێ سەرەتایی بدوماهی ئینایە
ئەندامێ سەوندیکا روژنامەنویسێن جیهانیە IFJ
ئەندامێ سەندیکا روژنامە نڤیسێن کوردستانێ یە
ئەندامێ سەندیکا هونەرمەندێن کوردستانێ یو
کاریکاتێرستە ل روژارا ( طەپ )
پێشانگەهێن تایبەت
1994 پێشانگەها کاریکاتێری یا ئێکێ/دهوك
1995 پێشانگەها کاریکاتێری یا دووێ/دهوك
1996 پێشانگەها کاریکاتێری یا سیێ/دهوك
1997 پێشانگەها کاریکاتێری یا چارێ/دهوك
1998 پێشانگەها کاریکاتێری یا پێنجێ/ئاکرێ
2003 پێشانگەها شێوەکاری ) وارێ رەنگا (/دهوك
2006 پێشانگەها کاریکاتێری/ سوید
پشکداری
1998-2005 پشکداری کریە د شەش خولێن گەلەریا دهوك دا
1998-2005 پشکداری کریە د سێ خولێن گەلەریا کوردستان /هەولێر
1998-2005 پشکداری کریە د زار پێشانگەهێن شانا هونەری دا دهوك/هەولێر
2001-2002 پشکداری کریە د دوو پێشانگەهێن کاریکاتێرژانێن دهوکێ
1998 پشکداری کریە د پێشانگەها کایکاتێری دا /هەولێر
2000 پشکداری کربدیە د پێشانگەها پەستەری یا خازا سور یا نێژ دەولەتی دا/دهوك/هەولێر/سلێمانی
2000 پشکداری کریە د پێشانگەها یونسکو /هەولێر
2000 پشکداری کریە د دوو خولێن گەلەریا زاموا / سلێمانی
1997-2001 پشکداری کریە د دوو پێشانگەهێن هونەرمەندێن دهوك دا/دهوك/هەولێر/زاخو
2001 پشکداری کریە دگەل دەە هونەرمەندێن دهوکێ /سلێمانی
2005 پشکداری کریە د دوو ثپێشانگەهێن کاریکاتێری دا /دهوك
2005 پشکداری کریە د پێشاگەها کاریکاتێری فیستەڤالا بەدرخان /دهوك
2005 پشکداری کریە د خولا ئێکێ گەلەریا کویە
2005 پشکداری کریە د پێشانگەها ئەنفال دا سلێمانی
2005 پشکداری کریە د فیستەڤالا دووێ یا ئێکەتیت هونەرمەندێن کوردستانێ دهوك/هەولێر/سلێمانی/کەرکوك
2005 پشکداری کریە د پێشانگەها کاریکاتێری مصر
2005 پشکداری کریە د پێشانگەها هەفپشك یا شانا هونەری / دهوك
2005 پشکداری کریە د پێشانگەها کاریکاتێری یا هونەرمەندێن عێراقێ / بەغدا
2006 پشکداری کریە د پێشانگەها سێ قولی دا / هەولێر
2006پشکداری کریە د پێشانگەها کاریکاتێری فیستەڤالا بەدرخان یا سیێ / هەولێر
-ئیستا لە ئەمریکا دەژی.














SARDAR KESTAY
"MAIDENS OF NATURE"
Orazio Salati
Studio & Gallery
presents
"MAIDENS OF NATURE"
New paintings by
SARDAR KESTAY
A collection of new paintings by
Internationally exhibiting Artist,
Sardar Kestay
Please join us for an opening reception as we
welcome Artist, Sardar Kestay
First Friday August 2, 6 - 9 pm
First Friday September 6, 6 - 9 pm
Exhibition Dates 8/2/24 - 9/28/24
Gallery Hours, First Friday 6 - 9 pm
Saturday's 11-3 pm & by appointment
204 State Street
Binghamton, NY 13901
607.772.6725
http://www.oraziosalati.com



AUGUST
FIRST FRIDAY
AUGUST 2ND, 6 PM-9 PM




BROOME ART GUIDE
Sardar Kestay
2024 COVER ARTIST





SARDAR KESTAY




Sardar kestay







# نمایشی بێهودەیی (دیدێکی ڕەخنەگرانە بۆ کۆنفرانسە ئەکادیمییەکان)

د. کامەران محەمەد



لە ناوەندە ئەکادیمیا هاوچەرخەکاندا، کۆنفرانسەکان وەک سەکۆیەک بۆ گفتوگۆی هزریی و زانستیی و چارەسەرکردنی کێشەکان لێیان دەڕوانرێت. واتە مەبەست لێیان ئەوەیە ببنە گۆڕەپانێک، کە تێیدا پسپۆڕان و زانایان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی بە قووڵیی و وردییەوە چارەسەری کێشە دیارەکانی کۆمەڵگە بکەن. بەڵام لە ئێستای واقیعی ئەکادیمیای ئەم وڵاتەدا و لە پراکتیکدا ئەم ڕووداوانە بۆ دیمەن گەلێکی وشک گۆڕاون. تێیدا گرنگی بە ڕووکەش دەدەن و جەوهەر فەرامۆش دەکەن، واتە کەموکورییە میتۆدیی و سیستمییەکان لەناو دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا بە چارەسەرنەکراوی دەهێڵنەوە.

لیژنەکانی کۆنفراس:

لە زۆرینەی کۆنفرانسەکانی ئەکادیمیادا، دیاردەیەکی ناشرین و شەرمهێنەر بەدیدەکرێت: ئەویش زاڵبوونی چەند تاکێکی دیاریکراوە لە ڕێکخستنی کۆنفرانسەکاندا، واتە بەشێوەیەکی گشتی ناوەکان دووبارەن و وەک جۆکەر دەخرێنە پێڕی هەموو کۆنفرانسێکەوە! بۆیە نامۆ نیە کە زۆرینەی جارەکان لیژنەکانی ئامادەکاریی و زانستیی لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەڕێوەنەبرێن، بەڵکو لەلایەن کەسانێکی نێو دامەزراوەکەوە کە پەیوەندییەکی دامەزراوەیی درێژخایەنیی وەک پەیوەندی خێزانیان هەیە، بەڕێوەدەبرێن. ئەم لیژنانە وەک یانەی تایبەت کاردەکەن، کە پۆستەکان بەپێی پلەبەندیی، هاوڕێیەتی، یان پێگەی کارگێڕیی دابەش دەکرێن، نەک لێهاتوویی و شایستەیی زانستی.

بۆ نموونە، پرۆفیسۆرێک کە پسپۆڕە لە زیندەورزانیدا، بە شێوەیەکی ناڕوون و تەنها بەهۆی پەیوەندییەکانیانەوە خۆی لە لیژنەی زانستی کۆنفرانسێکی تایبەت بە چاکسازی پەروەردەیی دەبینێتەوە. دواتر هەر ئەو لە کۆنفرانسێکی زانستە سیاسییەکاندا پانێڵ بەڕێوە دەبات! لەم نێوەندەدا، پسپۆڕانی بوارەکە، ئەوانەی کە توێژینەوە و بەرهەمەکانیان دەتوانن بەڕاستی خزمەت و سوود بە پرسەکە بگەیەنن، پەراوێز و دووردەخرێنەوە. ئەم پشتبەستنە بە کۆمەڵە کەسانێکی هەڵپەکەری ناشایستە پڕ دەکرێنەوە، بۆیە زانستیبوون و پاکێتی کۆنفرانسەکان لەناو دەبات.

پەراوێزخستنی عەقڵە زانستییە ڕاستەقینەکان:

هاوتەریب لەگەڵ بەرزکردنەوە و هێنانە پێشەوەی ئەندامە ناشایستەکان بۆ ناو لیژنەکان، پەراوێزخستنێکی سیستماتیکی ئەو توێژەر و پرۆفیسۆرانە لە ئارادایە، کە هەمیشە بابەتە زانستیی و هزرییەکان لەپێش هەموو شتێکەوە دادەنێن. واتە ئەو توێژەرە ڕاستەقینانەی کە دەتوانن ئەو کۆنفرانسانە دەوڵەمەند و واتادار بکەن! بۆیە هەمیشە لەم کۆنفرانسانەدا دوور دەخرێنەوە، دەنگیان بەهۆی ژاوەژاوەکانی ڕووکەشێتییەوە دەخنکێنرێن. دیارە هۆکاری ڕاستەقینە لە ئامادەنەبوونیان تەنانەت وەک تەماشاکەریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەلەگەڵ ئەم نمایشە ڕووکەشییە کات بەسەربردنەدا ناگونجێن.

لەبری بەهێزکردنی کەلتووری لەخۆگرتنی گشت و هەمەجۆریی هزریی، ئەوا کۆنفرانسەکان ئەم کەسانە پەراوێز دەخەن و دەیانخەنە پەراوێزی گوتاری ئەکادیمییەوە. ئەم وەدەرنانە نەک هەر داهێنان دەخنکێنێت، بەڵکو ئەو عەقڵانەش دووردەخاتەوە، کە دەتوانن سەرکردایەتی گۆڕانکارییەکی واتادار لە کۆمەڵگەدا بکەن.

پانێڵەکان وەک پێشکەشکردنی بەرنامە تەلەفیزیۆنیەکان:

پەراوێزخستنی زانستیی ڕاستەقینە، بەهۆی سروشتی شانۆیی گفتوگۆی پانێڵەکانەوە زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت. ئەم پانێڵانە لەبری ئەوەی وەک سەکۆیەکی ئاڵوگۆڕی هزریی کاربکەن، زۆرجار لە بەرنامەکانی کات بەسەربردن دەچن، کە پانێڵستەکان کێبڕکێ لەسەر خۆدەرخستن و نواندن دەکەن.

یەکێک لە گرینگترین دیاردە دووبارەبووەکانی ئەم ڕووداوانە بریتییە لە بانگهێشت کردنی کەسایەتییە سیاسییە نەخوێندەوارەکان، کە زیاتر لەبەر پێگەکانیان بانگهێشت دەکرێن نەک تێڕوانینەکانیان.

پانێڵستەکان کە تامەزرۆی بەدەستهێنانی پشتگیری بەرپرسەکان یان تیشک خستنە سەر خۆیانن، زۆرجار لەنێو یەکتریدا لەسەر ئەوە تێک دەچن یان توڕە دەبن، کە کام پرۆفیسۆرە چاوپێکەوتن لەگەڵ فڵان بەرپرسدا بکات! بۆ ئەوەش با شێواز و مۆدێلی خۆ جوانکردن و جلوبەرگەکانیان لەولاوە بووەستێت! کاتێکیش دەچنە نێو گفتوگۆکانەوە تەواو ئەو بەرنامە منداڵانەی تەلەفزیۆنەکانمان بیردەکەوێتەوە، کاتێک کەسێکی گەورە بانگ دەکەن و پرسیاری ئەوەی لێدەکەن، کە لە منداڵیدا چۆن یاری کردووە یان ڕۆژی جەژنی چۆن بەسەربردووە! بۆیە گفتوگۆکان جگە لە چاوپێکەوتنێکی ڕووکەشی لەگەڵ ئەم بەرپرسانەدا شتێکی قوڵی تێدا نابینرێت، واتە پرسیارگەلێک دەکەن، کە هەموو گفتوگۆیەکی ئامانجدار دووردەخەنەوە. ئەنجامەکەی نمایشێکی شانۆییە کە ڕووکەش لە پێش جەوهەر دادەنێن، واتە بەکورتی بەناوئەکادیمییەکان وەک دەرفەتێک مامەڵە لەگەڵ پانێڵەکان دەکەن، بۆ نمایشکردن نەک بەشداریکردن.

لاوازیی توێژینەوە و لایەنگریی:

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم کۆنفرانسانە، بڵاوبوونەوەی توێژینەوەگەلێکی ئاست نزمە، کە پەسەندکراون و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕدرێت، نەک بەهۆی بەهێزیی و جۆرێتییانەوە! بەڵکو بەهۆی گونجانیان لەگەڵ بازنەی ناوەوەی کۆنفرانسەکەدا. ئەو توێژینەوانەی کە پڕن لە هەڵە یان قووڵییان نییە، تەنها لەبەر ئەوەی نووسەرەکانیان پەیوەندییەکی دروستیان هەیە، ڕەزامەندی وەردەگرن و پێشکەش دەکرێن.

بە پێچەوانەوە، هەندێجار کارە باشەکان بە ئاشکرا ڕەت دەکرێنەوە، تەنانەت هەر لە قۆناغی (پوختە)دا، واتە هێشتا توێژینەوەکە ئەنجام نەدراوە و دەرگەیان بە ڕوودا دادەخرێت! بیانووش ئاڵۆزیی یان لەگەڵ کارنامەی کۆنفراسەکە ناگوجێت. بۆیە ئەم مامەڵە جیاکارییە ئامانجی سەرەکی (کۆنفرانسی ئەکادیمیی) تێکدەدات، کە لە بنەڕەتدا بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانینە. بۆیە کۆبوونەوەی ژوورەکانی تاوتوێکردنی توێژینەوەکان، جگە لە دەنگدانەوە و پاداشتی دڵسۆزی (بەسەر ڕەسەنایەتی)دا دەدەن و سوورێکی چەقبەستوویی هزریی و زانستیی بەردەوام دەکەن.

زانکۆکان وەک گۆڕەپانی سیاسی:

ناتوانرێت خراپی ئاستی کۆنفرانسە ئەکادیمییەکان لە بەسیاسیکردنی فراوانی زانکۆکان جیابکرێتەوە. تادێت ئەم دامەزراوانە وەک سەکۆیەک بۆ ئەجێندا سیاسییەکان بەکاردەهێنرێن، واتە بەرپرسان وەک درێژکراوەی ئامرازی حزبی خۆیان مامەڵە لەگەڵ زانکۆکان دەکەن. ئەم ئاراستەیە نەک هەر سازش لەسەر سەربەخۆیی دامەزراوە ئەکادیمییەکان دەکات، بەڵکو گرنگی کۆنفرانسەکان کەم دەکاتەوە و دەکرێنە درێژکردنەوەی هەڵوێستە سیاسییەکان.

تەنانەت ئەو بەرپرسانەی بەشداری ئەم بۆنانە دەکەن، زۆرجار کەسە ئەکادیمیەکان فەرامۆش دەکەن و زانکۆکان لە ناوەندەکانی فێربوونەوە بۆ قۆناغ بۆ دەستکەوتی کەسیی و سیاسی دەگۆڕن. ئەم تێکەڵکردنەی ئەکادیمیا و سیاسەت پێکەوە، پیرۆزیی زانکۆ وەک فەزای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و مەشخەڵی گۆڕانکاریی نەهێشتووە.

زیندووکردنەوەی پاکێتی ئەکادیمی:

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، پێویستە دامەزراوە ئەکادیمییەکان سەرلەنوێ بە ئامانج و پێکهاتەی کۆنفرانسەکانیاندا بچنەوە. دەبێت لیژنەکان لێهاتوویی و شارەزایی لە پێشینەی پلەبەندی و پەیوەندییەکان دابنێن، واتە کەسانی شارەزا لە پێشەنگی ڕێکخستن و بەشداریکردن لەم بۆنانەدا بن.


جگە لەوەش، دەبێ کۆنفرانسەکان بنەمای گشتگیرێتی ڕەچاوبکەن، ئەویش بە فەراهەم کردنی شوێن و سەکۆ بۆ عەقڵە پەراوێزخراوەکان و ئەنجامدان و بەهێزکردنی گفتوگۆی زانستی و هزریی ڕاستەقینە. واتە دروستکردنی پانتایی گەلێک کە ئاڵوگۆڕی واتاداری تێدا ڕووبدات.

بۆیە دەبێت زانکۆکان سەربەخۆیی خۆیان وەربگرنەوە، بەرەنگاری هەموو دەستێوەردانێکی سیاسیی ببنەوە و جەخت لە پابەندبوونیان بە پاکێتی ئەکادیمییەوە بکەنەوە. بەم کارە دەتوانن کۆنفرانسەکان لە هاوێنەی بێهودەییەوە بۆ هاندانی پێشکەوتنی ڕاستەقینە بگۆڕن.

لەکۆتاییدا کۆنفرانسە ئەکادیمییە مۆدێرنەکان، لەم شێوەیەی ئێستایدا، نموونەیەکی بچووککراوەی ئەو ئاڵنگارییانەن، کە ڕووبەڕووی خوێندنی باڵا بوونەتەوە. ئەوان بەهۆی کێشەگەلێکی وەک هاوڕێیەتی و بەرژەوەندێتی و کەلتووری نواندن و دابڕان لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیان کە بریتین لە بەهێزکردنی داهێنان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵگەییەکانەوە دەناڵێنن. بەڵام بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کەموکوڕیانە و زاڵکردنی جەوهەر بەسەر ڕووکەشدا، ئەکادیمیا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی وەک بزوێنەری پێشکەوتنی هزریی و کۆمەڵگەیی وەربگرێتەوە. تەنها ئەو کاتە کۆنفرانسەکان دەتوانن بەڵێنەکەیان (وەک پانتاییەکانی هزری گۆڕانکاری نەک نمایشی بێ ناوەڕۆک و بێهودەیی دامەزراوەیی) جێبەجێ بکەن.

(٢٠٢٤/١٢/٦)

# مەولەوی





مەولەوی شاعیری ناوداری کورد لە ساڵی 1806 لەدێی سەرشاتەی سەر بەناوچەی تاوەگۆزی لەخێزانێکی باوەڕدار لەدایک بووە.

مەولەوی ناوی سەیید عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوەگۆزییە. لە جیهانی هەڵبەستدا مەولەوی بەمەعدووم و لەناو خەڵکیشدا بەمەولەوی ناسراوە.

لە سەرەتادا مەولەوی لە حوجرەکەی باوکی دەست دەکات بەخوێندن و دواتریش بۆ درێژەپێدان بەخوێندنەکەی ڕوو لە خوێندنگە بەناوبانگەکانی ناوچەی ئەردەڵان و بابان دەکات.

پاشان چووەتە سلێمانی و لەلای مەلا عەبدولڕەحمانی نۆتشەییدا خوێندنی تەواوکردووە و مۆڵەتی وانەوتنەوەی وەرگرتووە.

## گۆڕی مەولەوی

دیسان گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە و دواتیش لە سەرشاتە خۆی بەمەلایەتی و پێگەیاندنی قوتابییان و نووسینەوە خەریک کردووە.

مەولەوی جگەلە زمانی زگماکی خۆی، زمانی عەرەبی و فارسیشی باش زانیوە و بە هەردوو زمان هەڵبەستی نووسیوە.

دیوانە هەڵبەستەکەی بە زاراوەی هەورامییە و هەڵبەستەکانی پایەیەکی بەرزیان هەیە لەنێو هەڵبەست و ئەدەبیاتی کوردیدا.






مەولەوی بەشی زۆری تەمەنی بەهەژاری بەسەربردووە، ئەو کاتەی لە سەرەتای خوێندندا بووەباوکی مردووە، ناچار بۆ بەخێوکردنی خوشک و براکانی وازی لەخوێندن هێناوە بۆ ماوەیەک و پاشان گەڕاوەتەوە سەر خوێندنەکەی.

مەولەوی خۆشەویستییەکی زۆری هەبووە بۆ هاوسەرەکەی عەنبەر خاتوون


عەنبەرخاتوون بەحەوت ساڵ بەر لە کۆچی دوایی مەولەوی مردووە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەبووە و کاریگەریی زۆری بەهەڵبەستەکانی مەولەوییەوە بەجێهێشتووە.

مەولەوی لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا کوێر بووە و ئەمەش کاری زۆر کردۆتەسەر دەروونی و لە چەندا پارچە هەڵبەستێکدا دەردەکەوێت.

هەروەها کارەساتێکی دیکەش کەبەسەر مەولەویدا هاتووە، سووتانی پەرتووکخانەکەی بووە و گومانیش لەوەدا نییە کە بەشێک لەکار و بەرهەمەکانی تێیدا سووتاوە.

مەولەوی لە ساڵی 1882 لە تەمەنی 76 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە گوندەکەی خۆی، لە سەرشاتە نێژراوە. کوردپیدیا



# ئایا بەشار ئەسەد ڕووخاو بە کۆتا هات....!!!

د. کامەران مەنتك



دوای حوکمڕانی بنەماڵەی ئەسەد بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدە، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، دوای ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هێزێك جاڕدراو ئەوانەی لە ئێراق بەناوی داعش و تیرۆریست جیهانیان پێوە خەریك کرا، لە سوریا کرانە ئۆپۆزسیۆنێك و ئەو وڵاتەیان تەسلیم کرا، لە چاو نوقانێکدا، ئەو سوپا درەندەیەی بنەماڵەی ئەسەد، کە شێر ئاسا دژی خەڵکی خۆی دەجەنگا، نەیتوانی خۆی بگرێت و هەر لەو حەلەبەی، کە بەئاگرو ئاسن بۆردومانی کردو خەڵکی ڕەشەکوژ کرد، بۆ چەند ڕۆژێك بەرامبەر چەند چەکدارێکی ریش درێژ خۆی نەگرت و کلکی خستەوە سەر ... خۆیی و تێتەقاند!.

بەشار ئەسەد، بەنهێنی و لەپڕێکا دیار نەما، وەك میدیاکان پێشتر ئاماژەیان پێدەکرد، گوایە خێزان و بنەماڵەکەی چوونەتە ڕوسیا! خۆشی لە ساتە چارەنووس ئامێزەکەدا ون بوو و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، وەك ئەوەی زەوی قوتی دابێت دیار نەما، زۆر دەمگۆو پڕوپاگەندە دەربارەی چارەنووسی بڵاو دەبێتەوە، بێگومان ئەمانەی دەگوترێت هیچیان ڕاست نین و تەنیا بۆ فریودانی ڕای گشتی و دیزە بەدەرخۆنە کردنی ڕاستییەکانە، ڕاستەقینەکە ئەوەیە بەشار ڕۆڵی تەواو بوو و بردرایە ئەو شوێنەی، کە بۆی دانرابوو، ئیتر دوای ئەوە خەڵك ڕژانە سەر شەقام و کەوتنە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵام ئایا ئەسەد بەراستی ڕووخاوە؟

ئەوەی تەنیا زیندانەکانی سوریای ببینێت، کە لەمیدیاکاندا کەوتنە بەرچاوی خەڵك، لەوە تێدەگات ئەو بنەماڵە لە ماوەی حوکمڕانییاندا چیان بەسەر خەڵکی سوریادا هێناوە، کورد دەڵێت مشتێك نیشانەی خەروارێکە، ئەو مشتەی لە سوریا تا ئێستا کەوتۆتە بەرچاوی خەڵك نیشانەی خەروارێکی زۆر پڕو ترسناکە، کە هێشتا ئاشکرا نەبووەو نەکەوتۆتە بەرچاوی خەڵك، لەکۆتایی ئەو هەموو تراژیدیایە، ئەو هەموو تاوانە بەشار بۆی دەرچوو، لەلایەن ئەو هێزانەی وەکو خۆفرۆش و وڵات فرۆشێك ڕۆڵی پێدرابوو شاردرایەوە و ماوەیەکی تر لە پەنای ئەو سەروەت سامانە زۆرەدا دەژیت، کە لەماوەی حوکمڕانی بنەماڵەکەیدا لە خەڵکیان دزیان.

لەکاتی حوکمڕانی باوکی و خۆیدا، بەشار خۆی و بنەماڵەکەی باشترین ژیان ژیان، چییان ئارەزوو بوو کردیان، دوای ئەوەش کە ڕۆڵیان تەواو بوو، بەهەمان شێوە باشترین ژیان دەژین، کەواتە لە هەردوو قۆناغەکەدا تا ئێستا ئەوان سوودمەندی یەکەم بووینە! لەڕاستیدا بەشارو هاوشێوەی بەشار نەسەرۆك و نەفەرماندەی تاك و تەران، ئەوان تەنیا خائینێك وڵات فرۆشێکن، کە ئەوەی ئەوان بە میللەتی خۆیان کرد و دەیکەن، هیچ دوژمنێك پێی نەکردوون و نایکات، یاخود بە واتایەکی وردتر دوژمنەکانیان لە ڕێگەی ئەو دوژمنە خۆماڵییەوە ئازاری خەڵکی سوریایان دەدا، بۆیە ئەوەی ئێستا لە سوریا ڕوودەدات نەشۆڕشەو نەسەرهەڵدانەو نەهیچ ، بەڵکو تەنیا پرۆسەی گۆڕینی بووکە شووشەو خائینێکە بە بووکەشووشەو خائینێکی تر، لەوە زیاتر هیچی تر نییە!.

ئەو سیناریۆیە قێزەونە بەردەوام لەو وڵاتانە دووبارە دەبێتەوە، کە دروستکراون و بەرژەوەندی کەسانی تریان لە پشتەوەیە، ئەگینا بەشار ئەگەر بەراوردی بکەی بە هەرتاکێکی تری کۆمەڵگەی سوری، ئەگەر لە هەموویان خراپتر نەبێت ئەوا بێگومان لە زۆرینەیان خراپترە، ئەمە ئەگەر ئەوەمان زانی، کە خەڵکی سوریا خەڵکێکی کراوەو ڕۆشنبیرن و لەسەردەستی بەشارو بنەماڵەی بەشار تا ئەو پەڕی ڕیسوایی ڕیسواکران، چ کەسێك، چ بنەماڵەیەك وڵاتی خۆی خۆش بوێت بەو شێوەیەی لەگەڵ دەکات، ئەوەی بەشارو هاوشێوەی بەشار دەیکەن، جگە لە بینینی ڕۆڵێکی کۆمیدی لەسەر شانۆیەکی بریندار زیاتر نییە!.



سوپا شەڕی نەکرد، نەیتوانی بەرگە بگرێت، هێزەکەی ئۆپۆزسیۆن بە بڕواوە شەڕی دەکرد، ئەو ڕوخان و داڕمانە کت وپڕە سەرنجی هەموو میدیاکانی جیهانی ڕاکێشا، سەرۆکەکان و دیپلۆماتکارن و سیاسەتمەداران قسە زل و بێ ناوەڕۆکەکان، سەرسامی خۆیان بەرامبەر ئەو داڕمانە دەربڕی و ڕوونیان کردەوە، کە چوارچێوەی پێشبینییەکانی هەمووانی تێپەڕاند، لەڕاستیدا ئەوانە هەموو قسەی نەزۆکن و ڕاستییەکە ئەوەیە سوپا لەو وڵاتانە هەرگیز بۆ ئەوە دانامەزرێت بەرگری لە وڵات بکات، بەڵکو بۆئەوە دادەمەزرێت، کە ڕژێمە دەستکەلاکان لە میللەتی خۆیان بپارێزێت، واتە سوپا بۆ ئەوە نییە بەرگری لە نیشتمان بکات، بەڵکو بۆئەوەیە نیشتمان و خەڵکی نیشتمان چرووك و ڕیسوا بکات و ئەو ئەجێندایانە جێبەجێ بکات، کە بۆ جەنابی سەرۆك بەشارو هاوشێوەکانی سەرۆك بەشار دادەنرێت، بۆیە کاتێك ڕۆڵی جەنابی سەرۆك تەواو دەبێت، ڕۆڵی سوپاش تەواو دەبێت، ئەوە ئەو ڕاستییە تاڵەیە، کە زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەن، خۆیان لە قەرەی نادەن و بەلایەوە داناچن.

بەم چەشنە لەناو مێللەتێکی خەوتوودا، لەناو کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی سیناخ بەپڕوپاگەندەو تەنراو بە شەپۆلی ئەلیکترۆنی هەڵگری درۆو ناڕاستییەکان، ڕاستییەکان دەکرێنە قوربانی و پەردەی شانۆگەرییەك دادەدرێتەوەو شانۆگەرییەکی تر دەست پێدەکات، جەنابی سەرۆکی ڕاکردووش، کە خێرا لە یادی خەڵك دەبردرێتەوەو دەخرێتە ناو مێژوو، دەگوازرێنەوە بۆ ئەو بەهەشتەی بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانیان بۆیان ئامادەکراوەو تا ماون بەو پەڕی خۆشگوزەرانییەوە تیایدا دەژین.

بۆیە ئەگەر بەوردی بیری لێبکەینەوە ئەوە هەرگیز پێی ناگوترێت ڕوخان، ڕوخانی ڕاستەقینە ئەوەیە ئەو خوێنرێژو ستەمکارانە بەدەست و بەئیرادەی گەلەکانی خۆیان لەسەر کار لابدرێن و وەك نازیەکانی ئەڵمانیا دادگایان بۆ دابمەزرێت و دادگایی بکرێن، دەبێت ئەوانە بەدەستی خەڵکی خۆیان تۆڵەیان لێبکرێتەوە ڕووی ڕاستەقینەیان بخرێتە بەردەم مێژوو، دەبێت ئەو خوێنە پیسەی هەڵیانگرتووە، وڵاتی لێ پاکبکرێتەوە، ئەگینا هەر جارەی بنەماڵەیەك دێت و لەسەر حیسابی نیشتمان، خۆی پێدەگەیەنێت و دواتریش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت، بۆیە ئەگەر خەڵکی سوریا دەیانەوێت بەشار ئەسەد بڕوخێنن، دەبێت لەو پەڕی دنیاش بێت بیهێننەوەو لەسەر ئەو هەموو تاوانەی کردوویەتی دادگایی بکەن و بەسزای گەلی بگەیەنن، خانەوادەکەشی وەك خانەوەدایەکی خائین و خۆفرۆش بناسرێنرێن پەیکەری خیانەتەکانیان لە شوێنە گشتییەکان دابنرێت و ڕۆژانە منداڵانی سوری بەچاوێکی سووك پڕ لە قێزەوە لێی بڕوانن، بۆئەوەی تاوەکو مێژوو ماوە بە نەفرەت بکرێن، تا ئەوە نەکرێت، هەرگیز ناتوانین بڵێین بەشارو بنەماڵەی بەشار ئەسەد ڕوخاون.



# کورد لە هاوکێشەی سووریای نوێدا

عارف قوربانی

ئەمەی لە سووریا روویدا تەواوی سیناریۆیەکە نییە، رووخانی بەعس و دوورخستنەوەی بنەماڵەی ئەسەد دوای 50 ساڵ لە حوکمڕانی، بەشێکی رووداوە گەورەکەیە، بەڵام بەشی گرنگتر لەوە؛ هاوکێشەکانی داهاتووی سووریایە. واتا کەوتنی ئەسەد کۆتایی چیرۆکەکە نییە، بەڵکو دەستپێکە بۆ چیرۆکێکی درێژتر.

سووریا، لەنێو هاوکێشە و ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا بەشێک بوو لە جەمسەری رووسیا، لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکانیشدا سەر بە بەرەی ئێران بوو. ئەمەی روویدا پێش هەر شتێک دەرهێنانی سووریا بوو لە دەستی رووسیا و دوورخستنەوەی بوو لە ئێران؛ بەڵام کێ کردی؟ هێشتا دیار نییە.

بۆ داهاتوو، هیچ گەرەنتی و هیوایەک نییە شوێنگرەوەکەی ئەسەد، بۆ گەلانی سووریا لە بنەماڵەی ئەسەد باشتر بێت، ئەگەر سەردەمی تاریکتر لە دەسەڵاتی ستەمکاری و دیکتاتۆریانەی ئەسەد نەیەتەئاراوە، لە باشترین حاڵەتدا رەنگە هەر وەک دەسەڵاتی ئەسەد بێت، بەڵام لە بەرگ و لەژێر ناو و ناسنامەیەکی جیاوازدا. واتا مەرج نییە ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە سووریا روویدا، بۆ داهاتوو دەرگای ژیانێکی باشتر بەڕووی هاووڵاتییانی سووریادا بکاتەوە.

بەپێچەوانەوە چاوەڕوانییەکان بۆ خراپتربوونی دۆخی سووریا زیاترن وەک لەوەی ببێتە شامی شەریف. ئەویش لەلایەک بەهۆی ئەزموونی رووخاندنی بەشێک لەو وڵاتانەی لە دوو دەیەی رابردوو دا لەناوچەکە رووخێندران، بەدیلەکانیان باشتر نەبوون لەو ستەمکارانەی پێشووتر، لەلایەکی دیکەشەوە بەدیاریکراوی ئەو گرووپانەی ئێستا لە سووریا هێنراونەتە سەر حوکم، رەفتار و کرداری رابردوویان، پاشخانی بیر و باوەڕیان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە داهاتووی سووریا سەردەمێکی تاریکتر دەبێت، چونکە ئەمانە گرووپیگەلی ژیاندۆست نین، پرۆژەیەکیان بۆ بەختەوەربی مرۆڤ نییە. بڕوایان بە ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری و یەکسانیی نێوان رەگەز و چین و توێژ و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان نییە. توانای قبووڵکردنی جیاوازییان نییە و لەڕوویی ستراتیژییەوە دەیانەوێت هەموو جیاوازییەکان لەنێو خۆیاندا بتوێننەوە. بۆیە ناتوانرێت وێنای دوارۆژێکی ئارام و سەقامگیر بۆ سووریا بکرێت.


ئەمە وەک راستییەک هەموو وڵاتانی دونیا و ناوەندە گرنگە نێودەوڵەتییەکانیش دەیزانن، بەڵام بۆ لەبری ئەمان بیریان لەوە نەکردەوە دەسەڵاتێکی مەدەنیی دیموکراتخواز شوێنی ئەسەد بگرێتەوە، ئەمەیان مەگەر هەر خۆیان و خوا بیزانێت. کێ ئەندازیار و داڕێژەری سیناریۆی ئەم چیرۆکە تازەیەی سووریا بوو، یاخود لەبەرانبەر چ شتێکی دیکەدا مساوەمە بە سووریا کرا؟ رەنگە وەک مەتەڵێکی گران، دۆزینەوەی وەڵامەکەی ئاسان نەبێت؛ بەڵام روونە بەرگرینەکردنی سوپای سووریا، پشتتێکردنی رووسیا و بەخێرایی کشانەوەی سوپا پێنج هەزار چەکدارییەکەی ئێران و بەتەنیا جێهێشتنی ئەسەد، بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی هەتەشەوە نییە. لەپشتی ئەم دیمەنە رووکەشەوە، چ هاوکێشەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی دەگوزەرێت؟ ئەشێ وەکو زۆر رووداوی دیکەی جیهان، لە داهاتووی دووردا نهێنییەکانی ئاشکرابن.

کورد گوتەنی ئەوەی وەک مانگی 14 دەدرەوشێتەوە ئەوەیە؛ لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکاندا چۆن پێشتر سووریا پایتەختی دووەمی ئێران بوو، بۆ داهاتووش دیمەشق دەبێتە ئەنقەرەی دووەم. لە هاوکێشە و ململانێ نێودەوڵەتییەکانیشدا دەکەوێتە جەمسەری رۆژئاواوە. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتدارەکانی هاوشێوەی تاڵیبان و داعشیش رەفتار بکەن.

پرسیاری گرنگ لێرەدا بۆ ئێمە ئەوەیە؛ کورد لە سووریا دەکەوێتە کوێی ئەم هاوکێشە تازەیەوە؟ کوردیش وەک وابەستەیەکی بەرەی رۆژئاوا وێنا دەکرێت؟ بەڵام لەبەر دوو هۆکار ناتوانین بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین، هەتا وەڵامی ئەوەمان لانەبێت، بە پلەی یەکەم 'ئایا ئەم دەسەڵاتدارانەی سووریا لەداهاتوودا چۆن لە کورد دەڕوانن؟' دووەمیش 'ئایا دەتوانرێت ئەو پەرتەوازەیی و دابەشبوونە کوردییە چارەسەر بکرێت و لەبەرەیەکدا کۆببنەوە، تاوەکو وەک بکەرێک لەناو رووداوەکانی داهاتووی سووریادا شوێنیان بۆ بکرێتەوە؟' یاخود وەک ئێستا هەریەکە و لە دۆڵێک دا دەمێننەوە، چونکە ئەوە روونە ئەگەر کورد تواناکانی یەکنەخات و وەکو بەرەیەکی کوردی لەدەوری پرۆژەیەک دا کۆنەبنەوە، نەوەک ناتوانن هیچ بۆ کورد بەدەستبهێنن، بەڵکو ناتوانن دڵنیایی ئەوەش بەدەستبهێنن دوای (رژێمەکەی ئەسەد) قوربانیی گەورەی رووداوەکانی سووریا، کورد نەبێت، بەڵام ئەگەر پرۆژەیەکی کوردی هەبێت وەک نەخشەرێی کورد بۆ داهاتووی پرسی کورد لە سووریا، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم گۆڕانکارییانەی سووریا دەرگە بۆ ئەوە بکەنەوە؛ کورد بە بەشێک لە مافەکانی بگات.

چونکە وڵاتانی رۆژئاوا و لەسەرووی هەموووشیانەوە ئەمریکا، سەرباری ئەوەی تورکیا وەک هێزێکی گەورە لە ناوچەکە بە بەشێک لە پرۆژەی خۆیان دەبینن و لە کەنداوی عەرەبیش دا بەرژەوەندیی زۆریان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە، بەڵام لەداهاتووی ناوچەکەدا هیچ جوگرافییایەکیان دەستناکەوێت بە ئەندازەی کوردستان بتواندرێت ئومێدی لەسەر دروستبکرێت کە دۆستی ستراتیجیی رۆژئاوا بێت. ئەگەر کورد خۆی ئامادەیی تێدابێت، پێچەوانەی ئەو مێژووە دووروردرێژەی جوگرافیاکەی هۆکار بووە بۆ هەوڵەکانی قڕکردنی نەتەوەکەی، ئەشێ بۆ داهاتوو جوگرافیاکەی یارمەتیدەر بێت بۆ لەسەرپێوەستانی خۆی وەک نەتەوەیەکی زیندوو و گەورەی جیهان و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

سایتی زەمەن





# نەخشی بەردینی ئەشکەوتی سەلمان، یان پەرەستگای تاریشا

ئەشکەوتی سەلمان (پەرەستگای تاریشا) گەورەترین خەتی میخیی ئیلامی نوێ لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە نووسراوە.
ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە باشووری شاری ئیزە لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان و چوار نەخشی دیاری سەردەمی ئیلامییەکان و پاشماوەی بینایەکی سەر بە ئەتابەکان لەخۆ دەگرێت.
ئەم شوێنە مێژووییە پەرەستگای (تاریشا)، یەکێک لە خوداوەندەکانی ئیلامی، جگە لە نووسراوی بەردی، ئەشکەوتێک و کانییەکی کانزایی، کە لە دڵی شاخەکەوە هەڵدەقوڵێت، لە خۆ دەگرێت. لە ئەشکەوتی سەلمان، چوار نەخشی دیار هەیە، کە دوانیان لەناو ئەشکەوتەکەدان و دوانیش لەدەرەوەن، گەورەترین نووسینی میخی سەردەمی ئیلامییەکان لەم ئەشکەوتەدا هەیە، کە لە سەردەمی شاهەک ئیلامی، پاشای ڕەسەنی ئەیاپیر، یان ئایاتێمە و هەروەها بۆ یەکەمجار، بوونی ژنێک شانبەشانی پیاوێک بووە لە نەخشە دیارەکانی ئەم ئەشکەوتەدا بینراوە.
نەخشە دیارەکان بریتین لەمانە:
یەکەمیان: ڕێوڕەسمی عیبادەتکردنی هانی، پاشای ناوخۆیی ئەییاپیر لەگەڵ شۆتر و وەزیرەکەی و هاوسەر و منداڵەکەی پیشان دەدات. ئەم نەخشە دیارە نووسراوەکانی بە شێوەی نووسینی میخیی ئیلامی هەیە.
دومین: ڕێوڕەسمی عیبادەتی بنەماڵەی هانی، بەبێ ئامادەبوونی وەزیرەکەی پیشان دەدرێت و ئەم نەخشی بەرجەستەیە نووسراوێکی لەسەرە.
سێیەمیان: ئەشکەوتی سەلمان لە بەرزیی سێ مەتر لە زەوییەوە پەیکەرسازیی کراوە، کە هانی بەتەنیا ڕێوڕەسمی پەرستشی تێدا ئەنجام دەدات، لەپشتی سەریەوە 26 دێڕ نووسراوی میخی ئیلامی هەیە، کە هانی باسی خۆی و ئەو کارانەی لە خاکەکەدا کردوویەتی، ڕوون دەکاتەوە.
چوارەمیان: کەسایەتییەکی گرنگی ئیلام ئەو ڕێوڕەسمە ئەنجام دەدات، کە ناسنامەکەی ئاشکرا نییە، چونکە نووسراوەکە وەرنەگێڕدراوە.

کوردپیدیا









